

ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١

ڕۆژنامە
www.rozhnama.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.541 Wed 26/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 541 چوارشەممە 26/ 8/ 2009

# ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی: باڵی ریفۆرم دەستبەرداری خاوەندارێتی یەکێتی نابێت

**رۆژنامە**

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی (باڵی ریفۆرم) رایدەگەیەنێت، دەستبەرداری خاوەندارێتی یەکێتی نابن‌و ئەگەر پلینیۆمیش هەر بڕیارێک لەبارەیانەوە دەربکات «هەڵوێستیان دەبێت».

جەمال حاجی محەمەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی (باڵی ریفۆرم)، لەوبڕوایەدایە مەکتەبی سیاسیی بۆیە مەڵبەندی دەرەوەی هەڵوەشاندەوە، تاوەکو ئەوان دووربکەونەوە لەو جەماوەرەی باڵی ریفۆرم، سەبارەت بەو رەخنانەش کە لێیگیراوە دەڵێت: لە ناوەوە خەڵک هەمووی دەزانێت وەزعی رێکخستن باش نییەو زۆر خراپە، وەزعی یەکێتی‌و رێکخستنەکانیان لە دەرەوە زۆر خراپترە، لەم ماوەیەی پێشوودا هەندێک قسەمکرد لە کەناڵی (KNN)، ئەوانیش دوای چەند سەعاتێک بەیاننامەیەکیان لەسەر دەرکردم.

لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا کە دەقەکەی لە لاپەڕە ٤و٥دا بڵاوکراوەتەوە، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی ئومێدەوارە فراکسیۆنی گۆڕان لەناو پەرلەمان رۆژانە گەیەنەری خواستەکانی خەڵک بێت‌و داکۆکیی لە مافەکانی خەڵک بکات.

## سەنتەرێکی ستراتیژیی ئەمریکی: کوردەکان پێویستیان بە سازشکردنی دەستبەجێ هەیە

**شاڵاو فەتاح**

سەنتەری ستراتیژیی‌و خوێندنە نێودەوڵەتییەکان (CSIS) لە راپۆرتێکدا لەژێر ناونیشانی (عێراق: کاتی مانەوەیە؟) باس لە کێشە هەنووکەییەکانی عێراق بەتایبەت کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان‌و مەترسیی ململانێی نێوان کوردو عەرەب دەکات‌و رۆڵی ئەمریکا لە چارەسەرکردنیدا دەخاتەڕوو.

راپۆرتەکە بە باسی کێشەی ئەمنیی لە عێراق دەستپێدەکات‌و دەنووسێت: «ئەمریکا پێویستی بە ستراتیژی کشانەوە هەیە، نەک تەنیا کشانەوە»، دواتر دێتە سەر باسی کێشەی کوردو دەنووسێت: «کێشەی کوردو عەرەب لە نەینەواو کەرکوک لەو کێشانەن کە مەترسیی سەرهەڵدانی توندوتیژییان زۆرە، ئەگەر هەوڵی دبلۆماسی ئەمریکاو UNو هێزە دەرەکییەکانی تر نەبێت، هێزەکانی ئەمریکاش پێویستیان بەوەیە ماوەی چەند ساڵێک بمێننەوەو هێواش هێواش بکشێنەوە».

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەی (CSIS)دا هاتووە؛ کوردەکان پێویستیان بە هەوڵی دبلۆماسیی‌و سەربازیی ئەمریکا هەیە، بۆ ئەوەی رازیبکرێن بەوەی واقیعی بن‌و لەسەرروو ئەو پێوەرە مێژوویی‌و جوگرافییەوە مامەڵەبکەن کە لەدوای (٢٠٠٣)و لە کاتی لاوازیی عەرەبەکاندا بەدەستیانهێناوە، پێویستە ئەوان زۆربەخێرایی سازشی پراکتیکی بکەن، پێش ئەوەی میراتێکی نوێ لە ململانێ‌و توندوتیژیی ئەو سازشە قورستربکات، هەروەک ئاماژە بۆئەوە کراوە کێشەی نێوان عەرەب‌و کورد کێشەیەکی جدییەو هیچ لایەکیشیان توانای ئارامگرتنیان نەماوە.

راپۆرتەکە دیالۆگی نێوان بارزانی‌و مالیکی بە «شتێکی گونجاو» ناودەبات، بەڵام بە ترسناکی دەزانێت «ئەگەر وابزانین ئەم دیالۆگە دەتوانێت بە تەواوی سەرکەوتووبێت».

دواتر راپۆرتەکە بوونی هێزەکانی ئەمریکاو هەوڵی دیبلۆماسی UN بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بە «گونجاو» دەزانێت‌و دەنووسێت، بوونی هێزەکانی ئەمریکاو هەوڵی دیبلۆماسی ئەمریکاو UN بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ئیجابین.

## ئەمساڵ (٦) تیم سەردانی هەڵەبجەیان کردووەو هیچ برینداڕێکیش نەنێردراوەتە دەرەوە

**ئارام نەجیم**

لە ساڵی (٢٠٠٩)دا (٦) تیمی پزیشکی جیاواز سەردانی شاری هەڵەبجەیان کردووە بۆ بینینی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی شارەکەو لە ئێستادا (٦٦٠) بریندار لەناو شاری هەڵەبجەدا هەیە کە پێویستیان بە چارەسەر هەیەو تائێستاش لە چاوەڕوانی چارەسەرکردندان.

نوێترین تیمی پزیشکی لەمڕۆوە لە شاری هەڵەبجە چاویان بە نەخۆشییە دەروونییەکانی شارەکە دەکەوێت، کە لە درێژەی تاوانەکانی رژێمی بەعسدا تووشی نەخۆشیی بوون‌و ئەم تیمە لەلایەن رێکخراوێکی ئەمریکیەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٩) دا (٦) تیمی پزیشکی جیاواز سەردانی شارەکەی کردووەو ئەوەشی نەشاردەوە کە «تائێستا هیچیەک لەو بریندارانەی کە لەلایەن ئەو (٦) تیمەوە بینراون، رەوانەی دەرەوە نەکراون، بەڵام (٢٢) بریندار کە حاڵیان زۆر خراپەو پێویستیان بە چارەسەری بەپەلە هەیە ئامادەکراون بەم نزیکانە بنێردرێنە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و وڵاتانی ئەوروپا بۆ چارەسەرکردن».

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە وتی: «لە ئێستادا تیمێکی پزیشکی کە رێکخراوێکی ئەمریکی سەرپەرشتی دەکات لە شاری هەڵەبجە نەخۆشییە دەروونییەکان دەبینێت‌و سەرجەمی پسپۆڕەکان کە لەگەڵیاندان کوردن، بەڵام سەرپەرشتیکردنی لەلایەن رێکخراوی ئەمریکییەوەیە».

## (٢٢) ئەفسەر داوا لە یەکێتی دەکەن کاری (غەرەزشەخسی) تێکەڵ بە سیاسەت نەکات

**شکار موعتەسەم**

ئەو (٢٢) ئەفسەرەی بە فەرمانێک گواسترانەوە، سەرکردایەتی یەکێتی بەوە تۆمەتباردەکەن کە «بەهۆی کاری غەرەزشەخسییەوە ئیمزا دەکەن‌و ناپرسنەوە کە ئیمزایان لەسەر ناوی کێ کردووەو لەبەر چی‌و بۆچی؟».

مانگی رابردوو (٢٢) ئەفسەری سەرۆکایەتی ئەرکانی فەرماندەی گشتیی (هـ.پ.ک)ی یەکێتی، بە فەرمانی نەوشیروان فوئاد مەستی، سەرۆکی ئەرکان، گواسترانەوە بۆ سەر میلاکی فەرماندەیی گشتیی (هـ.پ.ک).

پێرێ ئەو ئەفسەرانە لە پارکی ئازادیی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی سەرکردایەتی‌و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کرد، کە تێیدا هاتووە «ئێمە کۆمەڵێک ئەفسەری دڵسۆزو بە ئەمەک‌و پێشمەرگەی دێرین‌و کوڕی شەهیدو خاوەن ئەزموونین لە یەکێتیدا»، لە هەموو رۆژە سەختەکان‌و هەموو ناخۆشیی‌و شەڕەکانی دژ بە یەکێتیدا بەشداریمان کردووە، هەندێکمان چەند جارێک برینداربووین، لە کەناری مەرگ گەڕاوینەتەوە، بەڵام «زۆر حەیف بۆ سەرکردەکانی (ی.ن.ک) کاری غەرەزشەخسی‌و نووسراو ئیمزادەکەن‌و ناپرسنەوە کە ئیمزایان لەسەر ناوی کێ کردووە لەبەرچی‌و بۆچی؟».

لە نامەکەی ئەو ئەفسەرانەدا ئەوەش هاتووە کە دەرکردنەکەیان «لەسەر حیسابی خەڵکی جاش‌و دزو کۆنە بەعسییە»، لەکاتێکدا وەک خۆیان دەڵێن: «خۆمان بە خاوەنی یەکێتی دەزانین‌و چەندین شەهیدمان داوە لەو پێناوەدا!!».

بە وتەی یەکێک لەو ئەفسەرانە، چەندجارێک لایەنی بەرپرس‌و سەرۆکایەتی ئەرکانیان ئاگادارکردووەتەوە لە کێشەکەیان، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوەو هیچ بەڵگەیەکیشیان نییە کە کاریان بۆ لیستی گۆڕان کردبێت.

لە کۆتایی نامەکەشیاندا هاتووە: داواکارین لە سەرکردەکانی (ی.ن.ک) شتی (غەرەزشەخسی) تێکەڵ بە سیاسەت نەکەن. لە زووترین کاتدا، ئەگەر وەڵام نەدرێینەوە، ئەوا ناچارین پەنا بەرینەبەر هەڵوێستی توندتر.

## کۆمپانیای نالیا

### پێویستی بە ئەندازیارو ژمێریارە

ـ کۆمپانیای نالیا پێویستی بە چەند ئەندازیارێکی شارستانییە، بە مەرجێک خزمەتی لە (١٥ساڵ) کەمتر نەبێت، مووچەکەشی لەنێوان (١٥٠٠ بۆ ٢٥٠٠ دۆلار) دەبێت.

ـ کۆمپانیای نالیا پێویستی بە ژمێریارێکە بۆ پۆستی (بەڕێوەبەری ژمێریاریی)، بەمەرجێک خزمەتی لە (١٥ساڵ) کەمتر نەبێت، مووچەکەشی لەنێوان (١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ دۆلار)دەبێت.

**تێبینی بۆ هەردوو پۆستەکە:**

یەکەم: پێویستە خوازیار تا ٢٠٠٩/٩/١ (CV) پێشکەشی کۆمپانیا بکات.

دووەم: پێویستە راستەوخۆ ئامادەبێت بۆ کارکردن.

سێیەم: کاتی دەوامکردن لەکاتژمێر ٨ ی بەیانی تا ٥ ی ئێوارەیە.

**ناونیشان: کۆمپانیای نالیا ـ ناو گوندی ئەڵمانی، بەرامبەر گەڕەکی تووی مەلیک**

**ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠ ـ ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠**

**کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان بەشێکە لە چارەسەرو چاکسازیی ئیداریی، بەڵام هەمووی نییە، چونکە بێ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەتو شەفافیەت لە بودجەو بوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو کۆی ئەو هەوڵانە بێ چارە دەمێننەوە**

**پێش هەموو شتێک دەبێت حکومەتێکی یەکگرتوو دروستبکرێتو وەزارەتەکانیش بە رێژەیەکی زۆر کەمبکرێنەوە، چونکە (١٥) وەزارەت بۆ هەرێمی کوردستان باشە**

**زۆریی ژمارەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم فەوزایەکی ئیداریی گەورەیەو کوردستان تاکە هەرێمە کە لە سێ پارێزگای بچووک پێکهاتووە (٤٢) وەزیری هەبووە**

**خودی مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستاندا نەک هاوکار نییە، بەڵکو رێگرە لەبەردەم چاکسازییەکی سیاسییو ئابووریو ئیدارییو کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا**

## لە چاوەڕوانیی کابینەی نوێدا

# «کەمکردنەوەی وەزارەتەکان، بەشێکە لە چاکسازیی ئیداریی»

پشتیوان سەعدوڵلا
دلێر عەبدولخالق

هاوڵاتییانی هەرێم چاویان بڕیوەتە کابینەی نوێی ئیداریی، کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا پێکبهێنرێتو لە پێکهاتەی (٤٢) وەزیرییەوە بگوزارێتەوە بۆ ئیدارەیەکی گورجوگۆڵتر کە ژمارەی وەزارەتەکانی کەمبکاتەوە، هاوکات چاودێرانو شارەزایانی ئیداریی پێیانوایە، کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان بەشێکە لە چاکسازیی سیستمی ئیداریی، بەڵام بچووککردنەوەی حکومەت بەس نییە بۆ دەربازبوون لە قەیرانی بەڕێوەبردن لە هەرێمدا.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموزی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دەریخست لیستی کوردستانی بووەتە یەکەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکەو (٥٩) کورسی پەرلەمانی مسۆگەرکردووە، لیستەکانی گۆڕانو خزمەتگوزاریش دووەمو سێیەم لیستی براوەنو بوونە خاوەنی (٣٨) کورسیو بڕیاریانداوە وەک ئۆپۆزسیۆن بمێننەوەو بەشداریی لەحکومەتدا نەکەن، لیستی کوردستانی دەبێتە پێکهێنەری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، کە بەپێی خاڵی دوانزەیەم لە مادەی دەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ساڵی (٢٠٠٥)، سەرۆکی هەرێم داوا لە سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی وەزیران دەکات کە بڕیارە (بەرهەم ساڵح)ی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی بێت، لە ماوەی (٣٠) رۆژدا کابینەی نوێی حکومەت دروستبکات.

## بچووککردنەوەی حکومەت

پێشتر لە لێدوانێکیدا فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: لەم هەفتەیەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە.

لەو چوارچێوەیەشدا دوێنێ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم، لەگەڵ بەرهەم ساڵح، سەرۆکی لیستی کوردستانی کۆبووەوەو لەدوای کۆبوونەوەکەش بەرهەم ساڵح رایگەیاند: بەپێی بەرنامەی لیستی کوردستانی حکومەتی ئایندە لە (٢١) وەزارەت زیاتر نابێتو دەشمانەوێت حکومەتێکی بنکە فراوان بێت، دەرگاش واڵادەکەین بۆ بەشداریی گشت لایەنو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان.

لە (٢٠٠٦/١/٢١) رێکەوتننامەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی راگەیاندرا، لە (٢٠٠٦/٥/٧) کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکرا، کە ئەوکات لە (٢٨)وەزیرو (٩) وەزیری هەرێم پێکهاتبوو، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی ئەو دەمەی هەرێم، یەکێتیو پارتیو زۆربەی لایەنە سیاسییەکانیان لەو کابینەیەدا بەشدارییپێکرد، بەو هۆیەشەوە بۆ ئیدارەدانی سێ پارێزگاکەی هەرێم، کابینەیەکی (٤٢) وەزارەتی پێکهاتو چەندین وەزارەت کەبەپێی کارو پسپۆڕییان پێویست بوو لەیەک وەزارەتدا کۆبکرێنەوە، دابەشکران بەسەر چەند وەزارەتێکی نوێدا، لەوانە وەزارەتەکانی گواستنەوەو گەیاندن کرا بە دوو وەزارەت، ژینگەو سەرچاوەی ئاو لێکجیاکرانەوە، کارەباو سامانی سروشتی، وەرزشو لاوانو رۆشنبیریی، ئەم حاڵەتەش کاردانەوەیەکی رەخنەگرانەی بەرامبەر ئەو کابینەیە دروستکرد. ئێستا کە لە چاوەڕوانی کابینەی شەشەمی حکومەتداین، لێدوانی بەرپرسانی لیستی براوەی هەڵبژاردن، ئاماژەیە بە ئاراستەی بچووککردنەوەی کابینەکەو کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکانی، ئەم هەوڵەی دەسەڵاتیش بە ئامانجی باشکردنی ئەدای ئەو کابینە نوێیە دێت.

بەشێک لە چاودێرانو شارەزایان، بچووککردنەوەی حکومەت بە هەنگاوێکی ئەرێنی وەسفدەکەنو باس لەوەشدەکەن، کە پێویستە کابینەی نوێ لە (١٥) وەزارەت تێپەڕنەکات.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان، ئاماژە بەوە دەکات؛ زۆریی ژمارەی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم فەوزایەکی ئیداریی گەورەیەو کوردستان تاکە هەرێمە کە لە سێ پارێزگای بچووک پێکهاتووەو (٤٢) وەزیری هەبووە، لەکاتێکدا ئەم وەزارەتانە تائێستا رۆڵی وەک پێویستیان نەبینیوەو بەپێی پێویستی کوردستان نەبووە، وتیشی: «زەرورەتی کوردستان ئەوەی دەوێت کە ژمارەی وەزارەتەکان لە (١٥) وەزارەت تێپەڕنەکات، بۆیە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان شتێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە ئەم وەزارەتانە چۆن دەتوانن کاروباری خۆیان جێبەجێبکەنو بەرپرسەکانیان ببنە خەڵکێکی ئیداریی سەربەخۆو نوێنەرایەتی هاوڵاتییان بکەن، نەک وەکو ساڵانی رابردوو کە تەنیا خزمەتکاری حیزبەکانیان بوونو دەسەڵاتپەرستیو کۆکردنەوەی سەروەتو سامان نەیهێشتووە بەڵێنەکانیان جێبەجێبکەن».

هاوکات فاروق جەمیل، وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەوەندەی من ئاگاداربم تائێستا مەسەلەی چۆنێتیو ژمارەی وەزارەتەکان یەکلاییەکراوەتەوە، بەڵام بڕیارە هەنگاوی یەکەم وەزارەتەکان کەمبکرێنەوەو هەنگاوی دووەم دابەشکردنی وەزارەتەکان بێت، پێموایە پێش هەموو شتێک دەبێت حکومەتێکی یەکگرتوو دروستبکرێتو حکومەتی هەرێم حکومەتی هەموو میللەتی کورد بێت، وەزارەتەکانیش بە رێژەیەکی زۆر کەمبکرێنەوەو بکرێنە (١٢) بۆ (١٣) وەزارەت لەگەڵ دوو وەزیری هەرێم، چونکە (١٥) وەزارەت بۆ هەرێمی کوردستان باشە.

پسپۆڕانی بواری ئیدارەو بەڕێوەبردنیش کەمکردنەوەی وەزارەتەکان بە هۆکارێک دەزانن بۆ نەهێشتنو لاوازکردنی گەندەڵییو رۆتیناتو ئەو فەوزا ئیدارەییە خراپەی کوردستانی تێکەوتووە.

کازم ئاواری، پسپۆڕ لە کارگێڕیو بەڕێوەبردن بە پێویستی دەزانێت، وەزارەتەکان کەمبکرێنەوەو لە (٢٢) وەزارەت تێپەڕنەکات، چونکە کەمکردنەوەی وەزارەتەکان هۆکارێک دەبێت بۆ کەمکردنەوەی رۆتیناتو چاککردنی فەوزای ئیدارییو رێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداریی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت حکومەتی نوێ سەربەخۆ بێتو نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکاتو بتوانێت پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان دابینبکاتو دووربێت لە گەندەڵییو فەوزای ئیداریی.

هەروەها کازم بە پێویستی دەزانێت کە لە حکومەتی داهاتوودا بەپرسیارێتیی بدرێتە دەست خەڵکانی پسپۆڕو شارەزاو خەڵکانێکی ئیدارییو پیشەیی بن نەک لەبەر وەفادارییان بۆ حیزبەکانیان ئەو پۆستانەیان پێشکەشبکرێت.

## بەردەوامبوونی دوو ئیدارەیی

بەرپرسانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان شانازیی بەوەوەدەکەن، کە توانیویانە کۆتایی بە دوو ئیدارەیی بهێنن، بەڵام لە واقیعدا زۆربەی چاودێران ئاماژە بەوەدەکەن تائێستا هەژموونی دوو ئیدارەیی وەک مۆتەکە دەسەڵاتی ئیداریی هەرێمی جێنەهێشتووەو نەتوانراوە وەک حکومەتێکی یەکگرتوو خۆی نیشانبدات.

لە دوای سێ ساڵ لە بەڵێنی بەرپرسانی (یەکێتیو پارتی) لە (٢٠٠٩/٤/٦)دا، وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگە یەکخرانەوە، بەڵام یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی دارایی هەولێرو سلێمانی بەشێوەیەک دواخرا، کەلە کۆتایی کابینەکەش تێکەڵبوونی بەخۆیەوە نەبینییەوە.

لە یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، کە لە رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢٠) بەڕێوەچوو، عەدنان موفتی، سەرۆکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، وتی: «بەشێوەیەکی گشتیی پەرلەمانی خولی دووەم توانی زۆربەی ئەو بەڵێنانەی کە لە بەرنامەی هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) بە خەڵکی دابوو جێبەجێبکات، بەتایبەتی یەکخستنی هەردوو ئیدارەی هەرێم».

لە بەرامبەردا، د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان، بە رۆژنامەی راگەیاند: یەکێتیو پارتی لە ئاستی ئەو بەڵێنانەدا نەبوون کە بە خەڵکیان داوەو هەمووان شاهیدی ئەوە دەدەین دەیانجار بەرپرسە باڵاکانی یەکێتیو پارتی لە کەناڵەکانی خۆیانەوە رایانگەیاندووە، کە ئیدارەکان یەکدەخرێنەوە، ئەگەرچی رووکەشانە شتێکی وایان پیشانی خەڵک داوە، بەڵام تا ئەم ساتە هیچ کام لە وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو دارایی یەکنەخراونەتەوە.

ئەو ئەندامەی لیستی گۆڕان ئەوەشی وت: «تائێستا وەزیری پێشمەرگە لە هەولێر دەسەڵاتی نییەو بەرپرسانی پارتیش لە سلێمانی دەسەڵاتیان نییە، کاتێک کە داهاتو سامانو پارە یەکنەخرێنەوە بە دوو جۆر سەرفبکرێت، ئیتر چۆن بانگەوازی یەکخستنەوەی ئیداریی دەکەن، ئەوە تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بووەو لە واقیعدا تائێستا دوو ئیدارەو دوو حکومەت هەیەو ئەوەی ئەوان وتوویانە پێچەوانەکەی راستە، چونکە ئەو دوو حیزبە هەمووکات بەرژەوەندیی حیزبییان خستووەتە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی دیکەوە».

کازم ئاواری، دوو ئیدارەیی بە گرفتێکی گەورە لەبەردەم باش بەڕێوەبردندا وەسفدەکاتو دەڵێت: «بەهۆی دووئیدارەییەوە ژمارەیەکی زۆر وەزیرمان هەبووەو کە کاریگەریی خراپی هەبووەو تائێستا دوو ئیدارەکە یەکنەخراونەتەوە، بەڵام دەبێت لە داهاتوودا ئەو دوو ئیدارەییە نەهێڵدرێت».

## دەبێت کابینەی نوێ چۆن بێت؟

هەرچەند کەمکردنەوەی وەزارەتەکانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بە هەنگاوی چالاککردنی حکومەت دادەنرێت، بەڵام چەند وەزیرێکی حکومەتی هەرێم پێیانوایە، بۆ چالاککردنی حکومەت هەنگاوی گرنگ دەبێت جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بێتو لێپرسراوێتیی بە خەڵکانی تەکنۆکرات بسپێردرێت.

دارا محەمەد، وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێم ئاماژە بەوە دەکات، کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان بەشێکە لە چارەسەرو چاکسازیی ئیداریی، بەڵام هەمووی نییە، چونکە بێ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب لە حکومەتو شەفافیەت لە بودجەو بوونی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو کۆی ئەو هەوڵانە بێ چارە دەمێننەوەو وتی: «ئەگەر بمانەوێت کابینەی نوێ حکومەتێکی ئەکتیڤ بێت، دەبێت چەند هەنگاوێک بنرێت، لەوانە بەر لە هەرشتێک دەسەڵاتی حیزب لە حکومەت ببڕدرێت، وەزیرو بەرپرسەکان بەتایبەت بریکارو راوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکان کەسانی تەکنۆکرات بن، شەفافیەت هەبێت لە بودجەداو کاری جدیی بکرێت بۆ نەهێشتنی گەندەڵیی، کەمکردنەوەی وەزارەتەکانیش کە پێشتر بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی حکومەتێکی لەو شێوەیە پێکهات، بەشێکی دیکەیە لە چارەسەری کێشە ئیدارییەکان».

ئەو وەزیرەی کۆمەڵی ئیسلامیی لە کابینەی پێنجەمدا، پێیوایە بۆ ئەمڕۆی کوردستان کابینەیەک پێویستە کە هەموو لایەنەکان بەشداربن، بەڵام ناکرێت وەک ئەزموونی پێشوو حسابی وەزارەتی پلە دوو و پلە سێ بۆ حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات بکرێتو دەڵێت: «ئەو حکومەتە بەهێزە بۆ واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشداربنو هاوکاربن، بەڵام بەشداربوون لە حکومەتێکدا کە تەمسیلی دەسەڵاتی حیزبیی بکاتو پۆستی وەزارەتی پلە دوو و پلە سێ بۆ حیزبەکانی دیکە دابنێت، بێگومان قبووڵ ناکرێتو سەرکەوتووش نابێت».

بە بڕوای ئەبوبەکر عەلی، وەزیری هەرێم، کەمکردنەوەی وەزارەتەکان کارێکی باشەو رێگر دەبێت لەبەردەم ئەو بیرۆکراتییەتەی پێشتر هەبووە، بەڵام ئەم هەنگاوەش بە تەنیا بەس نییە، چونکە بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە سەرەڕای زەمینەی لەبار بۆ کارابوون، بەڵام ئیدارەی داهاتوو ناتوانێت کارابێتو وتی: «کۆمەڵێک رێگر هەر دەمێنێت، کە ئەویش پەیوەستە بە مۆدێلی ئەو حیزبانەی لە کوردستاندا بوونیان هەیە، واتە خودی مۆدێلی حیزبایەتی لە کوردستاندا نەک هاوکار نییە، بەڵکو رێگرە لەبەردەم چاکسازییەکی سیاسییو ئابوورییو ئیدارییو کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا».

## بوونی چەند فراکسیۆنێک، پێگەی کورد بەهێز دەکات؟

# لەمەودوا پشکی کورد لە پەرلەمانی عێراق تەنیا بۆ پارتیو یەکێتی نابێت

فەلاح نەجم



بـە بۆچوونی بەرپرسانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە کـوردسـتـان، بۆ هەڵبژاردنی داهـاتـووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێت کـورد چەند لیستێکی هەبێت، بۆئەوەی چیتر تەنیا بڕیاردەری کورد لە بەغدا پارتیو یەکێتی نەبن، هاوکات یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازییش پێیوایە، «ئەگەر چەند فراکسیۆنێک لە پەرلەماندا هەبێت، حکومەتی ناوەندیی حساب بۆ فراکسیۆنەکان دەکـات نەک پارتیو یەکێتی، ئەمەش وادەکـات ئەو دوو حیزبە بەشێک لە قورساییەکان لەدەستبدەن».

پارتـو لایەنە عێراقیو کوردییەکان خـۆیـان بـۆ هـەڵـبـژاردنـی داهـاتـووی ئەنجومەنی نوێنەران ئامادە دەکەن، کە بڕیارە لە (٢٠١٠/١/١٦)دا بەڕێوەبچێتو بۆ ئەو مەبەستەش کوتلە سیاسییەکان سەرقاڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتین بۆ ئەو هەڵبژاردنە، بـەڵام تائێستا کورد یەکلاییەنەبووەتەوە لەگەڵ چ کوتلەیەکی دیکەدا هاوپەیمانێتیی دەکـاتو لایەنە کوردییەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتیش پێیانوایە، پێویستە کورد بە چەند لیستێکی جیاواز بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات.

هادی عەلی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان لە هەڵبژاردنی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە لیستی جیاواز بەشدارییان کردو لەسەر ئەو بەشداریکردنەش هیچ مەسەلەیەکی نەتەوایەتی نەکەوتە مەترسییەوە، وەک ئـەوەی یەکێتیو پارتی باسیدەکەن، وتیشی: «ئەوەی توانیمان لەم چوار ساڵەدا خزمەتمان کرد، ئەگەر چەند لیستێکی دیکە هەبوایە، بە دڵنیاییەوە ئیشەکان باشتر بەڕێوەدەچوون».

بەرپرسانی ئێستای حکومەتی هەرێمو پارتیو یەکێتی بەردەوام ئەوە رادەگەیەنن، کە هەرێمی کوردستان مەترسیی لەسەرەو مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لای حکومەتی ناوەندیی بەدەستنەهاتووەو هێشتا مەترسیمان لەسەرە، بۆیە دەبێت بەرامبەر عێراق یەکریز بین، بەڵام کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی دەڵێت: «ئێمە هـاوڕا دەبین لە بەرامبەر پرسە سیاسییو نەتەوایەتییەکاندا بەرامبەر عێراق، بەڵام هەر قەوارەیەکی سیاسیی بەرنامەو بۆچوونی جیـاوازی خۆی هەیە، پارتیو یەکێتی ناتوانن موزایەدەی نەتەوایەتی بەسەر هێزە کوردستانییەکانی دیکەدا بکەن».

هادی عەلی وتیشی: «تەنیا پارتیو یەکێتی پێیان باشە بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەین، چونکە دەیانەوێت خۆیان دەسەڵاتەکانی پێشوویان بۆ بمێنێتەوەو خۆیان تەنیا بڕیاردەری هەرێمەکە بن لە بەغدا، ئەمەش تائێستا ئەستەمە بۆ پارتیو یەکێتی بگونجێت».

لـەمـاوەی چـوار ساڵی رابـردوودا پارتیو یەکێتی دەستیان بەسەر سەرجەم پرسە نەتەوایەتیو سیاسییەکانی کوردا گرتووە لە بەغداو زۆربـەی بڕیارەکان لەلایەن خۆیانەوە دەدرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ لایەنەکانی دیکەو پارتەکانی دیکەی کوردستانیان پشتگوێخستووە، ئەمەش وایکرد چەندین هێز لە هاوپەیمانێتیی پارتیو یەکێتی بێنە دەرەوە.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «پارتیو یەکێتی لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا نە پرسیان بە هاوپەیمانە کوردستانییەکانیان کردووە، نە لەو ئیمتیازاتانەی هەیانە حەقی هاوپەیمانەکانیان داوە، بێگومان ئێستاش ئەو هێزانەی لە گەڵیان بوون هەڵوێست وەردەگرن».

بەپێی بۆچوونی شارەزایانی سیاسیی، وەک چۆن ئەو دوو پارتە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ژمـارەیـەک لـە کورسییەکانیان لـە دەسـتـدا، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیشدا هەمان شکست چاوەڕوانیان دەکات، هەربۆیە چاوەڕواندەکرێت نەخشەی دەسەڵاتی سیاسیی کورد لە بەغدا گۆڕانی بەسەردا بێت، بەتایبەت پاش ئەوەی بزووتنەوەی گـۆڕان بـڕیـاریـداوە بـە یـەک لیستی سەربەخۆ بەشداریی ئەو هەڵبژاردنەش بکات.

لـەلای خۆشیەوە محەمەدی حاجی مەحمود جەخت لـەوەدەکـاتـەوە، کە بەشداریی قەوارە سیاسییەکان بەچەند لیستێک هیچ کاریگەرییەکی خراپی نییە لەسەر مەسەلە نەتەوایەتییەکانو سوودی ئەوەشی هەیە کە هەموو چارەنووسی کوردستان نەکەوێتە دەست کۆمەڵێک کەسی دیاریکراو.

عـوسـمـان بـانـیـمـارانـی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی (باڵی ریفۆرم) بـاس لـەوە دەکـات، کە بوونی چەند فراکسیۆنێکی کوردی لە پەرلەمانی عێراق زۆر کاریگەرترە، چونکە ئەگەر دەسەڵات لە دەست یەک فراکسیۆندا بێت چاودێر یان هاوکاری نەبێت، ئـەوا ئەوەندەی بەتەنگ بەرژەوەندییەکانی حیزبەوە دەبن ئەوەندە نایان پەرژێتە سەر پرسە نەتەوایەتییەکان.

لەلایەکی دیکەوە، پسپۆڕانی بواری سیاسیی جەخت لەوەدەکەنەوە، گرنگ نییە کـورد بە یـەک لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بکات، گرنگبوونی بەرنامەی هەمەلایەنەیە لای ئـەو لیستانە، هــەروەک یاسین عەلی، مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی سەلاحەدین، ئاماژە بەوە دەکات، ماوەی چوار ساڵە یەکێتیو پارتی نەیانتوانیوە کێشەی پێشمەرگەو کەرکوکو نەوتو غازو کێشەکانی دیکە چارەسەر بکەن، چونکە بەرنامەیەکی روونو ئاشکرایان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە نەبووە.

## ڕوونکردنەوەیەک بۆ سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان

دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان لە دوایەمین چالاکیو کاری ڕێکخراوەیدا بۆ بەدیهێنانی مافەکانیانو جێبەجێکردنی یاسای ژمـارە (٤)ی هەموارکراوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٨/١٨) سەعات (٩)ی سەرلەبەیانی نوێنەرانی دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک (کۆسرەت رەسـوڵ) پاش ئەوەی لەلایەن نوێنەرانی دەستەی داکۆکییەوە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایەو تائێستا چارەسەرنەکردنی لە هەرێمی کوردستاندا، ڕوونیانکردەوە بۆ جێگری سەرۆکی هەرێم، بۆیە بەڕێزیان بڕیاریدا کە ئیتر هیچ لایەنو حیزبو ڕێکخراوێک بۆیان نییە تەداخول بکەن لە کێشەکانی زیندانییە سیاسییەکانو دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکانی مخەوەل کرد کە کۆبوونەوەیەکی فراوانو گشتیی ببەستن بۆ سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانو تێیدا بەشێوەیەکی دیموکراسییانە نوێنەرانی تازەی خۆیان هەڵبژێرنەوە، دواتریش ئەو نوێنەرانە پەیوەندیی بە جێگری سەرۆکی هەرێمەوە بکەنو بە هەماهەنگی کاربکەن بۆ جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمی کوردستانداو زیندانییە سیاسییەکان بکەن بەو ئامانجو مافانەی لە یاساکەدا دارێژراوە.

بۆ ئەو مەبەستە دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان داوا لە سەرجەم زیندانییە سیاسییەکانی سلێمانیو شارو شارۆچکەکانو نوێنەرانی شارەکانی دیکەی کوردستان دەکات، ئامادەبن بۆ کۆبوونەوە فراوانەکەیان لە ڕێکەوتی (٢٠٠٩/٨/٢٨) سەعات (٩:٣٠) لە هۆڵی (کتێبخانەی گشتیی سلێمانی).

ئامادەبوونتان پشتگیریتانە لە مافەکانتان

**دەستەی داکۆکی لە مافی زیندانییە سیاسییەکان**

**٢٠٠٩/٨/٢١ سلێمانی**

## مامۆستایانی گۆڕانخواز ناڕازین

# دەرکردن، یەکێتیی مامۆستایانیشی گرتەوە

نیان مەجید

یەکێتیی مـامـۆسـتـایـان ئەو ئەندامانەی دەردەکـات، کە دەنگیان بە لیستی گـۆڕان داوە، نوێنەری ئەو مامۆستایانەش ئەو بڕیارەی یەکێتییەکەیان ڕەتدەکەنەوە.

لــــەدوای ئـــەوەی یەکـێـتیی مامۆستایان بەبیانووی پشتگیریکردنی لیستی گۆڕان ژمارەیەک مامۆستای لە ئەندامێتی ئەو یەکێتییە دوورخستەوە، پێرێ نوێنەری مامۆستا دەرکراوەکان بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەکیان لە بارەگای یەکێتیی مامۆستایان بە ئامادەبوونی حیکمەت هیندی ئەندامی لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایان سازدا

کـــاروان ئـیـبـراهـیـم کـەریـم، مامۆستا لە خوێندنگەی ڕەوا کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوو وتی: «ئێمە وەک نوێنەرانی لیستی گۆڕان هاتووین هەڵوێست وەردەگرین داوای هۆکاری لابردنی ئەو مامۆستایانەمان دەکەین، کە لەسەر بیروڕای جیاواز دەرکراون».

مامۆستا بەرهەم مستەفاش، لە خوێندنگەی ئـاراس پێیوابوو؛ کە یەکێتیی مامۆستایان لەوە دەرچووە، کە ڕێکخراوێکی مەدەنی بێتو بەبێ جیاوازی کار بۆ مامۆستایان بکات، بەڵکو بووەتە ڕێکخراوێکی حیزبیی، کە فەرمانە حیزبییەکانیان جێبەجێ دەکەن پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ پیرۆزیی مامۆستاو بە هیچ شێوەیەک نوێنەری مامۆستایان نین،

هــاوکــات مـامـۆسـتـا کـــاروان جەختی لەسەر ئـەوەش کـردەوە، کە لەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستا حیکمەت هندی هەڕەشەی دەرکردنی لێکردوون بەهۆی دەنگدانیان بە لیستی گـۆڕان. وتیشی: «مامۆستا حیکمەت هندی پێیوتووین؛ هەموو ئەو مامۆستایانە دەبێت لەو کارو چالاکیو کۆبوونەوانەشدا ئامادەبن کە لیستی (٥٤) ئامادەیان دەکات، ئەمە فەرمانی پەروەردەیە، ئەوەی ئامادە نەبێت ئـەوا فەرمانی پـەروەردەی جێبەجێنەکردووە».

لە بەرامبەردا وەک مامۆستا کەمال نـوری بـەڕێـوەبـەری پـەروەردەی سلێمانی، بە رۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئـەو کـۆبـوونـەوەو بـڕیـارانـەی یەکێتیی مامۆستایان هیچ پەیوەندیی بـە ئێمەوە نییەو نووسراوێکی ڕەسمیشمان بەدەست نەگەیشتووە تا دەست وەربدەین لە کاری یەکێتیی مامۆستایانەوە».

یەکێتیی مـامـۆسـتـایـان، کە هەڵبژاردنیان لە پێشەوەیە کار بۆ ئەوە دەکەن، کە زۆرینەیان لە لیستی کوردستانیی بن ئیدارەو بەڕێوەبردنی یەکێتییەکە لە دەست خۆیاندا بێت، بـەڵام هـەوادارانـی لیستی گـۆڕان پێیانوایە؛ کە ئەوان زۆرینەنو دەبێت کەمینەش ڕێز لە زۆرینە بگرێت.

مامۆستا سەنگەر فـایـەق، کە تائێستا ئەندامە لە یەکێتیی مامۆستایان پێیوابوو، کە یەکێتیی مامۆستایان نوێنەری هەموو مامۆستایانەو ئیش بۆ مامۆستایان دەکات، بەوەی کە هەر مامۆستایەک لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ئۆتۆماتیکی دەبێتە ئـەنـدام لـەو یەکێتییەدا مانگانە (٧٥٠) دینار لە مووچەکەی دەبڕن، بـەڵام لـەدوای هەڵبژاردنەوە بۆی دەرکەوتووە کە یەکێتیی مامۆستایان ڕێکخراوێکی حیزبییەو تەنیا لەپێناو ئیشو کارەکانی حیزبدا کاردەکات، وتیشی: «بۆیە لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووین، کە بڵێین؛ یەکێتیی مامۆستایان نوێنەری ئێمە نییەو لەمەودوا هەرچی ڕێگەیەک شیاوە دەیگرینەبەر بۆ ئەوەی ئەم یەکێتیی مامۆستایانە هـەڵـوەشـێـتـەوەو جارێکی دیکە هەڵبژاردن بۆ یەکێتیی مامۆستایان بکرێتەوە، کە بەڕاستی نوێنەری مامۆستایان بێت، نەک بۆ مەرامەکانی دەسەڵات کار بکات».

هــاوکــات بـۆ هـەمـان مەبەست ڕۆژنامە پەیوەندیکرد بە مامۆستا حیکمەت هندییەوە، بەڵام ئامادە نەبوو لەو بارەیەوە لێدوان بدات.

**یەکێتیی مامۆستایان لەوە دەرچووە، کە ڕێکخراوێکی مەدەنی بێتو بەبێ جیاوازی کار بۆ مامۆستایان بکات، بەڵکو بووەتە ڕێکخراوێکی حیزبیی**

# ـــاوەندارێتی یەکێتی نابێت



## مەکتەبی سیاسیی بۆیە مەڵبەندی دەرەوەی هەڵوەشاندەوە، تاوەکو ئێمە دووربکەوینەوە لەو جەماوەرەی باڵی ریفۆرم

یەکێتی لەناو خۆماندا گفتوگۆمان نەکردووەو لەوانەشە لە داهاتوودا بەدوایدا بچین‌و دەستبەرداری خاوەندارێتی یەکێتی نابین.

**ڕۆژنامە: ئێوە وابەستە دەبن بە هەر بڕیارێکەوە کە لە پلنیۆمدا بدرێت سەبارەت بە چارەنووسی ئێوە؟**

* نەخێر، ئێمەش هەڵوێستی خۆمان دەبێت..

**ڕۆژنامە: دوای ئەو هەڵبژاردنەی لە (٢٥)ی تەممووزدا ئەنجامدرا، بارودۆخی ڕێکخستنەکانی یەکێتی لە دەرەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

* لە نـاوەوە خەڵک هەمووی دەزانێت وەزعی ڕێکخستنەکەی چۆنە، کە باش نییەو زۆر خراپەو گرفتەکانیان زۆرە، وەزعی یەکێتی‌و ڕێکخستنەکانیان لە دەرەوە زۆر خراپترە، لەم ماوەیەی پێشوودا هەندێک قسەمکرد لە (KNN)دا، ئەوانیش دوای چەند سەعاتێک بەیاننامەیەکیان لەسەر دەرکردم، وەزعی دەرەوە تایبەتە، بەوپێیەی خەڵک ئازادەو بە ئازادی رای خۆی دەردەبڕێت، ئەمجارەش هەرچەندە لە دەرەوە دەنگدان نەبووە، بەڵام کوردی دەرەوەی وڵات ڕۆڵی باشیان هەبوو، چ بە تەلەفۆنکردن لەگەڵ کەسوکاریاندا، یان گەڕانەوەیان بۆ کوردستان‌و بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگداندا کە هەزاران کەس دەبوون، هەرچەندە یەکێتی ئێستا وەفدێکی ناردووە بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی ئەو بارە گڵاوەی تێی کەوتوون هەڵی بستێننەوە، بەڵام من پێموانییە سوودێکی هەبێت، هەر ئەمڕۆ دەیان تەلەفۆنم بۆکراوە لە وڵاتانی دەرەوە کە چۆن بۆ پشیتوانانی بزووتنەوەی گۆڕان خۆیان ڕێکبخەنەوە، جگە لەوەی چەندین گروپی ڕۆشنبیرو کەسایەتی لە شێوەی گروپی جیاجیادا کۆمیتەی پشتیوانیی لە گۆڕان پێکدەهێنن.

**ڕۆژنامە: ئایندەی ئەو گروپە نارازییە چی دەبێت، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی ئایندەدا کوردی تاراوگە دەتوانن بەشداریی بکەن، ئایا پێتوایە ئەو کوردانە چۆن بەشداریی لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن؟**

* پێموایە کە بە جۆش‌و خرۆشێکی زۆرەوە بەشداریی دەکەن بۆ دەنگدان بۆ لیستی گۆڕان، ئەوەش بە شێوەیەی بەشداریکردنی خۆیان لەم هەڵبژاردنەدا سەلماندیان کە تێیدابوو کە پارەی قەرزکردووەو هاتووەتەوە دەنگیداوە، دەیان کەس کە هیچ ئینیتمایەکی بۆ هیچ حیزبێک نەبووە دەنگی بە لیستی گۆڕان داوەو پشتیوانیشی لێکردووە، بۆیە پێموایە کە لە نیوە زیاتری ئەو کورسییانەی بە دەنگی کوردانی دەرەوە بەدەستدێت، دەنگ بۆ لیستی گۆڕان دەدەن. جاری پێشوو زیاتر لە سنووری (٨٥) هەزار کورد دەنگیاندا، من لەکاتێکدا کە بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوە بووم، زۆر خەڵکم بینیوە کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان، نا دادپەروەریی زۆری بینیوەو کە گەڕاوەتەوە وازیهێناوەو دەیەوێت گۆڕانکاریی بکرێت لە کوردستاندا، لەبەرئەوەی ئەو گلەیی‌و گازندانەی لە دەرەوە زۆرترن‌و خەڵک ترسی لە نانبڕین‌و فشارەکانی دەسەڵات نییەو لە وڵاتێکی ئازاددا دەژین، لە ئینتەرنێت‌و شوێنە گشتییەکان گفتوگۆی زۆری کەموکوڕییەکانیان کردووە، پێموایە کوردانی دەرەوە زۆرتر دەنگ بۆ لیستی گۆڕان دەدەن.

**ڕۆژنامە: لەم ماوەیەدا لە ڕاگەیاندنەکاندا چەند شتێک لەسەر ئێوەو مەڵبەندی دەرەوە بڵاوکرایەوە، بۆچی ئەو تۆمەتانە دراوەتە پاڵتان دەتوانیت کرۆکی کێشەکەمان بۆ باسبکەیت؟**

* خۆی یەکێتی کە دامەزرا لە دەرەوەی وڵات دامەزراو سەرکردایەتی یەکێتیش هەر لە دەرەوە بوون‌و ئاوارەی ئەوروپا بوون، هەر بۆیە گرنگی زۆری هەبووە لە مێژوویی سیاسی یەکێتیدا، منیش لە سەرەتای (٢٠٠١)ەوە یاریدەدەری سەرپەرشتیاری مەڵبەندی دەرەوەمکردووە کە پێش من (د.فوئاد مەعسوم، قادری حاجی عەلی‌و کەمال فوئادو لەتیف ڕەشیدو بەرهەم ساڵح) سەرپەرشتیارێتی ئەو مەڵبەندەیان کردووە، کاتێک کە هەڵبژێردرام وەکو ئەندامی سەرکردایەتی‌و لەبەر باری تەندروستی چوومە دەرەوەی وڵات، لەوێ کۆمیتەی ڕێکخستن هەبوو، ژمارەیەکی کەمئەندامی هەبوو، لە بەر ئەوەی پێشتر بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوە تەرخان نەبوو بە تەنیا بۆ کاری مەڵبەندو بە شارو وڵاتەکاندا بە کارەکانی خۆی هەڵبستێت، ڕێکخستن خۆی کادیرەکانی دەژیاند، لە سەردەمی ئێمەدا وەزعەکان گۆڕاو بە مەیدانی کارمکردو ڕێکخستن فراوانبوو (١٦) کۆمیتەمان دامەزراند، ساڵی (٢٠٠٣) بە بڕیارێک من بووم بە بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوە.

لەو مەڵبەندەش دەستەی کارگێڕیی بە هەڵبژاردن بوو، ساڵانە هەموو کۆمیتەکان هەڵبژاردنی خۆیان دەکردو نوێنەری خۆیان دەستنیشان دەکرد، بەڵام لە بەغداوە بە بڕیاری مەکتەبی سیاسیی چەند کەسێک بەبێ هەڵبژاردن دانران، چونکە چەند کەسێک لە دەستەی کارگێڕیی مەڵبەند گەڕابوونەوە کوردستان، ئێمە پێشنیازمانکرد کە (د.چیا عەباس‌و مەحمود ڕەزا ئەمین‌و کاک شەفیقی محامی) زیادبکرێت بۆ دەستەکە ئەوەبوو کە قبوڵکراو کارەکان فراوانتربوو، بەڵام لەبەرئەوەی نووسراوێکمان ناردبوو بۆ مەکتەبی سیاسیی‌و داوای چاکسازیمانکردبوو، حەزەرێک لەسەر ئێمە دروستبوو، خەڵکی دیکەیان هێنایە ناو مەڵبەندەکە، ئەوەبوو کە نوێنەری مام جەلالیان زیادکرد کە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆبوو، پاشان بە نوێنەری هەولێرو کەرکوک‌و شوێنەکانی دیکە خەڵکی دیکەیان هێنایە ناوەوەوکێشەکانیش زۆرتر لە بەریتانیا تەقینەوە، چونکە (٤) کارگێڕیی کۆمیتەی ڕێکخستن سەر بە باڵی ریفۆرمبوون لەگەڵ (٣٢) بەرپرسی کەرت لە کۆی (٣٨) بەرپرس، بەرپرسی کۆمیتەکەو پەیوەندییە نیشتمانییەکان دەمانەوە کە شانازخان بوو، لەبەرئەوە ئەو ململانێیانە هەر بەردەوامبوو چارەسەرنەکرا، ناچاربوون داوایانکرد کە لە کوردستاندا کۆنفرانسێک ببەسترێت بۆ وەستاندنی کێشەکان، کۆبوونەوەکە بە سەرپەرشتی کاک کۆسرەت بوو، ڕەوتێک بۆ ئەوە کاریدەکرد کە پشتیوانی لە مەڵبەند بکرێت‌و بۆ ئەوەی مەڵبەند لە دەرەوە ئیشەکانی بەڕێوەبەرێت، ڕەوتێکی دیکەش بڕیاریدابوو لەلای خۆیەوە دەیوت کە مەڵبەند بهێنرێتەوە بۆ کوردستان، (٨٠٪)ی ئامادەبوانیش لەگەڵ ڕەوتی یەکەمدابوون، بەڵام (٢-٣) کەس لەگەڵ ئەوەدابوون کە مەڵبەند هەڵبووەشێنرێتەوە، ئەوەبوو دواتر لە مەکتەبی سیاسییەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی مەڵبەندی دەرەوە.

منیش بانگکرامەوە کرام بە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی دەرەوە لە کوردستان، لەڕێگەی تەلەفۆن‌و ئیمێڵەوە، ئەوەش عەمەلیی نەبوو، بەڵکو تەنیا ئەوەبوو کە دوور بکەوینەوە لەو بنکە جەماوەرییەی لەوێیە، بەڵام ئەوەش دیاربوو سەرینەگرت، چونکە تەوجیهات هەر لە ئێمەوە وەردەگرن‌و گوێ لە ئێمە دەگرن، لەم هەڵبژاردنەشدا لە هەموو وڵاتەکانی سویدو بەریتانیا، دانیمارک‌و فەرەنساو ئەڵمانیا.. بەرپرسی کۆمیتەو کارگێڕەکانیان بڕیاریاندان پشتگیریی بزووتنەوەی گۆڕان بکەن.

یەکێتی بەیاننامەیەکیان لەسەر من دەرکرد کە باسیان لە پارەو ڕێکخستن کردووە کە پارەم خواردووە یان خەڵکم هەڵخەڵەتاندووە.

پێشتر مەڵبەندی دەرەوە نەسریەی نەبووە، بەڵام لەدوای (٢٠٠١)ەوە مانگانە (١٠) هەزار دۆلاری بۆ دەهات بۆ هەموو کۆمیتەکان، کارگێڕەکانی ناو مەڵبەند (٥٠٠) دۆلاریان هەبوو، منیش وەکو بەرپرسی مەڵبەند (٧٠٠) دۆلارم هەبووە، ئەوانیتر هیچیان نەبووە جگە لە بەرپرسی کۆمیتەی ئەڵمانیا کە بە نامەیەک داوایکردبوو (٥٠٠) دۆلاری پێدەدرا.

لەدوای ساڵێک پرۆژەیەکمان پێشکەشی مام جەلال کردو کرا بە (٢٠) هەزار دۆلارو دووبارە ئەوەش فراوانکرایەوە، کاک شەفیقی حاجی خدرو کاک شاخەوان بەرپرسی دارایی بوون، کارەکانی ڕێکخستووە، لەدوای (٢٠٠٤)ەوە ئەندامەکان ئامادەنەبوون ئابوونە بدەن، لەبەرئەوە داوامانکرد پارەکەمان زیادبکرێت‌و پاش هەوڵێکی زۆر کرا بە (٥٠) هەزار دۆلار کە تێیدا (٤٠) هەزاری بۆ مەڵبەند، (١٠) هەزار بۆ نەسریەو بەردەست، ئەوەش بەرپرسی مالییە وەریگرتووەو کەسانێکی باشبوون، مانگانە زۆر بە وردیی ئیشەکانیان کردووەو پارەکەش کەمبووە، بە بەراورد بە ناحییەیەک کە بەرپرسی کۆمیتەو کارگێڕەکانی لەناو کوردستاندا نزیکەی (٦-١٠) هەزار دۆلاری وەردەگرت، بەڵام بۆ وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیاو فەرەنساو بەریتانیا کە توانیویانە تەنیا (٢) هەزار دۆلاریان بۆ دابینبکەین..

لەبەرئەوە ئەوەش مەراقێکی لەپشتەوە بوو بۆ ئەوەی چالاکیمان دیاریکراوبێت، لە یەکێک لە نووسراوەکاندا کە بەرپرسی کۆمیتەی ئەڵمانیا باسی ئەوە دەکات کە مامۆستا جەمال یارمەتی ڕادیۆیەکی داوە لە ئەڵمانیا کە قسەی بە یەکێتی وتوە من یارمەتی چەندین ڕادیۆو کەناڵی ڕاگەیاندن‌و ڕێکخراوی مەدەنیمداوە، یارمەتی ڕادیۆمداوە لە سوید، ئوستراليا.. یارمەتی گۆڤاری پێشهاتم داوە کە گۆڤارێکبووە خۆیان دروستیانکردووە، هەر یەکێتیەکی ژنان‌و گەنجان.. دروستبوو‌بێت من یارمەتیمداوە، لەبەرئەوە من بەرپرسم لەو (١٠) هەزار دۆلارەو نووسراوەکانیش ماوە تائێستا.

باسی پارەی فەرەنساشیان کردووە، کۆمیتەی فەرەنسا کۆمەڵێک کێشەیان هەبووە، بە بڕیارێک یارمەتییەکانیانمان وەستاند، بەڵام پارەکەیان لە خەزێنەی مەڵبەندا هەبووە، تا ئەو ڕۆژەی مەڵبەند هەڵوەشێنراوەتەوەو پارەکەش نزیکەی (٨٧٠٠) دۆلاریان وەرگرتووەتەوە.

باسی ئەوەشیانکردووە کە پارەی ڤیزە کەوتووەتە لای ئێمە، ئەگەر ئەو پارەیە هاتبێتە لای ئێمە بەپێی نوسراو سەرفکراوە، تا ئەو ڕۆژەی لەوێ کارمان کردووە یەک وشەیان لەسەر ئێمە نەوتوە، بەڵام خۆمان کە لەوێ نەماوین ئەو قسانەیان کردووە.

باسیان لەوەش کردووە کە من خەڵکم هەڵخەڵەتاندووە، ئەوەش دواتر بۆیان دەردەکەوێت کە خۆیان چەند کەسیان بۆ کۆدەکرێتەوەو کۆبوونەوەکانی ئێمە چەند کەس دەهاتن‌و ئامادەی دەبوون‌و کۆبوونەوەکانی ئەوانیش چەند کەس ئامادەی دەبێت.. لە چەند مانگی ئایندەدا ئەوە زیاتر واقیع وەڵامیان دەداتەوە.من لەبەرئەوەی پشتیوانی لیستی ئەوان ناکەم لەوانەیە قسەی لەوە خراپتریش بخەنە شوێنمان‌و هەندێک لەو برادەرانەیان بەوە ناوبردووە کە دووڕوون، منیش هەموو شتەکانم بە دۆکیومێنت لەلایە.

**پرۆفایل**

جەمال حاجی محەمەد (١٩٥٧) لەدایکبووە.
خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندیی لە هەڵەبجە تەواوکردووە
پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی خوێندووە
(١٩٧٦) چووە نێو ریزەکانی کۆمەڵە.
(١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگە
(١٩٩٦) لە شەڕی ناوخۆ بریندارکراوەو بەو هۆیەوە چووەتە دەرەوەی وڵات
لە هۆڵەندا نیشتەجێبووەو تائێستاش بەهۆی ئاسەواری برینداربوونەکەی تەندروستی تەواو نییەو تا ئێستاش لە ژێر چاودێریی پزیشکدایە.
لە (٢٠٠١)دا بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی
(٢٠٠٣)بووە بە بەرپرسی مەڵبەندی دەرەوە.

# جەمال حاجی محەمەد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی (باڵی ریفۆرم):

# باڵی ریفۆرم دەستبەرداری خـ



**جەمال حاجی محەمەد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە کەسانێک ئێستا لەناو یەکێتیدا پەیدابوون نەک هەر ئێمە (باڵی ریفۆرم) بە خاوەنی یەکێتی نازانن، بەڵکو بە خۆفرۆشمان دەدەنە قەڵەم، بۆیە دەڵێت: «دەستبەرداری خاوەنداریەتی یەکێتی نابین» ئەو سەرکردەیەی یەکێتی کە چەندین ساڵە لێپرسراوی مەڵبەندی دەرەوەی یەکێتی بووە لەم گفتوگۆیەدا باس لە کێشە هەنوکەییەکانی ئەمڕۆی یەکێتیو بارودۆخی ڕێکخستنەکانو پەرۆشی کوردانی دەرەوە دەکات بۆ پشتیوانیی لیستی گۆڕان.**

سازدانی: بەرهەم عومەر

**رۆژنامە: زۆر نییە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی هەرێم کۆتایی هاتووە، ئێوە وەک هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان کە سەرپەرشتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی حەوزی شارەزوورتان دەکرد، تێڕوانینتان بۆ ئەو (٢٥) کورسییەی پەرلەمان چۆنە کە لیستی گۆڕان بە دەستیهێناوە؟**

* هەڵبژاردنی ئەمجارەم بەلاوە زۆر تازەبوو کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بەشداریبکات کە ئومێدێکبوو بۆ هەموو لایەکمان، هەرچەندە زۆر نەبوو کە کارکرا بۆ ئەو لیستە، ئێستا (٢٥) کورسی زۆر باشە بۆ هێزێکی ئۆپۆزسیۆن کە تازە دروستبووە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی (١٣) کورسی لیستی چاکسازیی لە پشتیدایەو رێژەکە بەرزتر دەکاتەوە.

**رۆژنامە: ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەی کە دروستبووە چاوەڕێی لێدەکرێت کە خواستی جەماوەرەکەی بێنێتەدی؟**

*هێزە ئۆپۆزسیۆنەکە هێزێکە خۆی ئومێدی بەخۆی هەیە، پشتیوانییەکی باشی جەماوەریشی هەیە، ئەو جەماوەرەش کە خۆی بە غەدرلێکراو دەزانی، دواتر بوونەتە جەماوەری لیستی گۆڕان، ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنە پشتیوانییەکی جەماوەریی باشی خۆی هەیە کە بەردەوامە، من لەدوای هەڵبژاردنیشەوە کۆبوونەوەم لەگەڵ خەڵک کردووە لە هەڵەبجە، سەیدسادق، هەورامانو ناوچە جیاجیاکانی شارەزوور رێژەیەکی زۆر هەروەکو پێش هەڵبژاردن حەماسەتیان هەیە بۆ پشتیوانیکردن لە لیستی گۆڕان.

من ئومێد دەکەم کە ئەو فراکسیۆنەی ناو پەرلەمان رۆژانە گەیەنەری خواستەکانی خەڵک بێتو داکۆکیی لە مافەکانی خەڵک بکات.

**رۆژنامە: پێتوایە جەماوەر لەم قۆناغەدا چی دەخوازێت، تا لیستی گۆڕان بۆی بەدیبهێنێت؟**

* جەماوەر داخوازیو ئاواتی ئەوەبووە کە لیستی گۆڕان دەسەلات بگرێتەدەستو خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابینبکات، بەڵام ئەو ئاواتەی جەماوەر نەهاتەدی، ئێستاش جەماوەر داخوازیی ئەوەیە کە فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەماندا ئەو کەموکوڕییانە بخاتەڕوو کە لە خزمەتگوزارییەکانیاندا هەیە.

**رۆژنامە: ئێستا دەنگو باسی ئەوە لەئارادایە کە لیستی گۆڕان خەریکی خۆ رێکخستنەوەیە، ئەویش لە چوارچێوەی حیزب یان بزووتنەوەیەکی رێکخراودا، ئەوەندەی ئێوە ئاگاداربن ئەم هەنگاوە تا چەند فۆرمەلەکراوەو گەیشتووەتە کوێ؟**

* ئەو دەنگوباسانە راستنو رۆژانەش قسە لەو بارەیەوە دەکرێت کە ئایا بکرێت بە حیزب یان رێکخراو یان بزووتنەوە یان رەوت.. هتد، بەڵام تائێستا یەکلایی نەکراوەتەوە، لەسەر چ شێوازێک رێکدەخرێت، بەڵام من خۆم پێموایە کە بۆ ئەم قۆناغە لەوانەیە کە ئەگەر لە شێوەی حیزبێکدا کۆبکرێتەوە نەتوانێت ئەو هەموو خەڵکە کۆبکاتەوە کە ئێستا لە دەوری کۆبوونەتەوە، پێمباشە وەکو بزووتنەوەیەک بمێنێتو لە سنووری هەر قەزاو ناحیەو ناوچەیەکدا لە شێوەی ئەنجومەن یان نوێنەرایەتی یان هەر پێکهاتەیەکی دیکە هەبێت کە سەرپەرشتی ئەم گروپو لایەنانە بکات کە لە لیستەکەدا کۆبوونەتەوە.

لە ئێستاشدا پێشنیازو راپسپاردە زۆرە، بەڵام نەگەیشتوینەتە فۆرمێکی دیارکراو، چونکە نامانەوێت حیزبێک بێت هاوشێوەی ئەم حیزبانەی ئێستابێت، ناتوانن ئەو هەموو خواستە بهێنێتەدی یان ئەو هەموو خەڵکە بگرێتەخۆی.

بۆ نموونە لە ئەورووپا ریفۆرمەکانی ناو یەکێتی، ئەوانەی بە ناوی رەگەوە خۆیان خستووەتەڕوو، یاخود ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تەکنۆکراتو شارەزاو پسپۆڕ کە رۆژێک لە رۆژان خۆیان لە رێکخستنێکدا نەبینیوەتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە گەنجان.. ئەمانە دەبێت لە دەستەیەکدا کۆبکرێتەوە کە خواستەکانیان ئاراستەبکات.

> **ئومێد دەکەم کە ئەو فراکسیۆنەی ناو پەرلەمان رۆژانە گەیەنەری خواستەکانی خەڵک بێتو داکۆکیی لە مافەکانی خەڵک بکات**

**رۆژنامە: خۆت چ ستایلێک بە باش دەزانیت لەنێو ئەو پێشنیازانەی تائێستا خراونەتەڕوو؟**

* پێمباشە لە قۆناغی ئێستادا ئەم بزووتنەوەیە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان بمێنێتەوەو لە هەر ناوچەیەکدا دەستەیەک سەرپەرشتی بکات کە پێکهاتبێت لە نوێنەری کرێکارانو خوێندکارانو ژنانو گەنجانو تەواوی چینو توێژەکانی دیکە.

**رۆژنامە: لە چەند رۆژی رابردوودا کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی کۆبووەتەوەو بڕیاری دا لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا پلنیۆم ببەستێت بەر لە کۆنگرە، بە بۆچوونی ئێوە ئامانج لەو پلنیۆمە چییە؟**

* دۆخی یەکێتی باش نییە، چونکە قەڵای یەکێتیو پایەگای یەکێتی سنووری سلێمانی بوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا ئەو قەڵایە بوو بە قەڵای گۆڕان، لەبەرئەوە یەکێتی دەیەوێت بە هەر رێگەیەک بێت بارودۆخی خۆی چاکبکاتەوە، ئەو هەنگاوەی ئێستاش بڕیاری لەسەر دراوە پێناچێت چارەسەری دەردی یەکێتی بکات، چونکە یەکێتی ئەوە چەند جارێکە بڕیاری بەستنی پلنیۆم دەدات بۆ رازیکردنی هەندێکو دوای دەخات، ئێستا پێیانوایە کە کۆنگرەیان پێنابەسترێت بۆیە کردوویانە بە پلنیۆم، ئەوە ئەگەر بکرێت پێدەچێت زیاتر بۆ تەسفیەکردن بێت، ئێمەش وەکو برادەرانی سەرکردایەتی باڵی ریفۆرم، نە دەرکراوین لە حیزبەکەو نە خۆشمان بە رەسمی وازمانهێناوەو تائێستا حیسابین لەسەر یەکێتی نیشمانی کوردستان، لە رابردووشدا چەند کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی یەکێتی بەسترا، بەڵام بانگیان نەکردین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، چونکە پێیانوابوو ئێمە دەنگ بۆ لیستی گۆڕان دەدەین، من یەکێکم لەوانەی زۆر هەوڵمدەدا لە ناوەوە یەکێتی چاک بکەین، بەڵام دەرکەوت ئەوە مەحاڵە، ئەو هیممەتەش نەبوو لە ناوەوە، بۆیە بڕیارماندا لەگەڵ ئەو برادەرانەدا کە پشتیوانی لە لیستی گۆڕان بکەین، پێدەچێت یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو پلنیۆمە ئەوەبێت یەکێتی بیەوێت لەو پلنیۆمەدا بڕیاری دەرکردنی ئێمە بدەن، هەروەها تەسفیەکردنی ئەو ئەندامانەش کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن، ئەمەش بۆ باشکردنی وەزعی ناوخۆیی خۆیان.

**رۆژنامە: ئێوە وەکو کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی (باڵی ریفۆرم) دەکرێت خۆتان بە دووربگرن لە خاوەندارێتی یەکێتی، لەکاتێکدا وەکو خۆت ئاماژەت پێکرد دەیانەوێت لەم پلینۆمەدا تەسفیەتان بکەن؟**

* ئەو هەڤاڵانەی کە لە یەکێتیدا پێکەوە کارمانکردووە خۆمان بە خاوەنی قوربانییەکی زۆر دەزانین، خۆم لە (١٩٧٦)ەوە لە ریزەکانی رێکخستنی یەکێتیدا بووم، لە سەرەتای (١٩٨٠) بەبێ دابڕان لە یەکێتیدا هاوخەبات بووم لە هەموو خۆشیو ناخۆشییەکدا، سەرەتا بەرپرسی کەرتی رێکخستن بووم، دواتر بووم بە سەرتیپ، بەرپرسی بەتالیۆن.. تا سەرکردایەتیو فەرماندەیی گشتیی، واتە لە ئەندامێتییەوە بە پلەکانی رێکخستندا بە خەباتکردن سەرکەوتووم، بەڵام ئەوان بەداخەوە نەک هەر بە خاوەنی یەکێتیمان نازانن، بەڵکو لە هەندێک شوێن بە خۆفرۆش ئەژمارمان دەکەن، بەڵام ئەمە رێز نەگرتنی رای جیاوازە لە حیزبەکەدا، پێمباشە کە ئەو حیزبە بگۆڕێت، بەڵام بۆچوونی ئێمە بە باش نەزانراوە، ئەوەندەی من بینیبێتم ئەوانەی کە پشتیوانی لیستی گۆڕان دەکەین، هەر کەسە ماندوو قوربانیدەرەکانی ناو یەکێتین، بەڵام تائێستا لەسەر بابەتی خاوەندارێتی

## هێشتا دەرگاکان دانەخراون

# چی مالیکی لە ئیئتیلاف دوورخستەوە؟

بەهادین یوسف

ڕۆژی دووشەممەی رابردوو لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی بە بەشداریی (١١)حیزبو ژمارەیەک کەسایەتی راگەیەنرا، بەبێ بەشدارییکردنی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کەسە نزیکەکانی مالیکیش ئاماژە بەوەدەکەن، پەیامێک لە ئەمریکاوە ئاراستەی مالیکی کراوە کە ئەگەر بەشداریی لیستی ئیئتیلاف نەکات، پشتگیریی دەکەن بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق.

ڕۆژی دووشەممە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی پێکهێنرا بۆ بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکانی عێراقداو بە بەشداریی هەریەکە لە (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم، رەوتی سەدری موقەدا سەرد، رێکخراوی بەدری هادی عامری، کوتلەی تەزامون، رەوتی چاکسازیی نیشتمانیی ئیبراهیم جەعفەری، کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی ئەحمەد چەلەبی، ئەنجومەنی رزگاریی ئەنبار، سەرۆکی کۆمەڵەی زانایانی عێراق لقی باشوور، گردبوونەوەی عێراقی سەربەخۆ، حیزبی دەعوە رێکخستنەکانی عێراق باڵی عەبدولکەریم عنێزیو ژمارەیەک کەسایەتی سیاسیی، بەبێ بەشداریی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی نوری مالیکیو حیزبی دەعوە- رێکخستنەکانی دەرەوە باڵی هاشم موسەویو سەربەخۆکان بە سەرۆکایەتی حسێن شەهرستانی).

### پەیامی ئەمریکا بۆ مالیکی

ئاژانسی رۆژنامەوانی عێراق بڵاویکردەوە، هەریەکە لە سادق روکابیو سامی عەسکەری ئەندامانی لیستی ئیئتیلافی عێراقیو نزیک لە نوری مالیکی، نامەیەکیان ئاراستەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە، بەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیریی لە مالیکی دەکات بۆ بوونەوەی بە سەرۆک وەزیران، بە مەرجێک بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداریی بکات لەهەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا لە دەرەوەی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی.

بەهۆی ئەم زانیارییانەشەوە نوری مالیکی بڕیاریدا نەچێتە ناو لیستی ئیئتیلافی عێراقییەوە، سەرەڕای ئەو هەموو گفتوگۆو دانوستاندنە دووروودرێژانەی لەگەڵیدا ئەنجامدران لەچەند هەفتەی رابردوودا.

سامی عەسکەری، ئەندامی لیستی ئیئتیلافی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: جیاوازیی سیاسیی هەیە لەسەر پۆستەکانو لەناویشیاندا پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەنێوان پێکهاتەکانی ئیئتیلافی شیعەو لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکیدا.

عەسکەری لە لێدوانێکیدا رایگەیاند: کێشەو ناکۆکی هەیە لەنێوان پێکهاتەکانی ئیئتیلافدا لەسەر پۆستەکانو لەناویاندا پۆستی سەرۆک وەزیران، بەوەی کوتلەی سەدری دەیەوێت ئەو پۆستە وەربگرێتو ئەنجومەنی باڵاش دەیەوێت مافی ڤیتۆی هەبێت سەبارەت بەو پۆستە، لەبەرئەوەش ئێستا رێکەوتوون لەسەر پێکهێنانی دوو ئیئتیلاف، ئیئتیلافی عێراقیو ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی بەنیازە لە رێگەیەوە بەشداریی هەڵبژاردنی داهاتوو بکات.

### مالیکی داوای دوورخستنەوەی جەعفەریو سەدری کردووە

لە ژمارەی دوێنێشیدا رۆژنامەی شەرقولئەوسەت بڵاویکردەوە، لێکترازانو دووبەرەکی کەوتووەتە نێوان هاوپەیمانە شیعەکانەوە، دوای ئەوەی رۆژی پێشووتر لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی، لەبری لیستی ئیئتیلافی شیعەی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیمو ژمارەیەک لە حیزبە شیعییەکانی دیکە پێکهات بۆ بەشدارییکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، بەبێ بەشدارییکردنی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانو ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی.

ڕۆژنامەکە لەسەر زاری سەرچاوەیەکی ئیئتیلافەوە بڵاویکردووەتەوە، مەرجی سەرەکی بەشدارییکردن حیزبەکەی مالیکی لەو هاوپەیمانێتییە نوێیەدا دوورخستنەوەی رەوتی سەدرو رەوتەکەی ئیبراهیم جەعفەری بووە، بە وتەی عەلی موسەوی، راوێژکاری راگەیاندنی نوری مالیکیش: «مەرجەکانی نوری مالیکی لە پێکهێنانی لیستی ئیئتیلافی نوێدا لەبەرچاو نەگیراوە».

عەلی موسەوی، راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆک وەزیرن عێراق لەو بارەیەوە رایگەیاند: ناکۆکییەکان هێشتا گەورەن بۆ بەشدارییکردنی نوری مالیکی لەئیئتیلافە نوێیەکەدا، ئەو مەرجانەشی کە مالیکی دایناون لەم هاوپەیمانییە نوێیەدا نین، چونکە مالیکی دەیەوێت ئەو هاوپەیمانییە بە راستی نیشتمانی بێت لە بەرنامەو ئاراستەو کەسایەتییەکانیاندا، نەک تەنیا بەناو، ئەمەش بە راستی لەم ئیئتیلافەدا نییە.

### سەدر گرەنتی وەرگرتووە

لەلایەکی دیکەوە ئەسما موسەوی، یەکێک لە سەرکردەکانی رەوتی سەدر بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر رایگەیاندووە، ژمارەیەک گرەنتییان وەرگرتووە بۆ بەشدارییکردنیان لە لیستی ئیئتیلافی شیعەدا بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەو هەڵانەی پێشتر لە لیستی ئیئتیلافدا روویانداو بوونە هۆی کشانەوەی رەوتەکە لە ئیئتیلاف، لەوانەش پێدانی ژمارەیەک پۆستی سەرەکیو سیادی لە حکومەتی داهاتوودا.

ئەسما بە رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی وتووە: «ئیئتیلافی نوێ جیاوازە لەوەی پێشوو لە پێکهاتەو ناوەرۆکداو پێکهێنەرەکانیشی جیاوازنو بەشداریی هەیە لە هەموو پارێزگاکاندا لەباشورەوە بۆ باکوور»، سەبارەت بە گرەنتییەکانیش وتوویەتی: «گرەنتی ئەوە بە رەوتەکەمان دراوە کە بڕیارەکان تاک لایەنە نەبنو لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە کە لیژنەی تایبەت پێکدەهێنرێت لە هەموو پێکهاتەو لیستەکانو بۆ وەرگرتنی بڕیارو بڕیارەکانیش بە زۆرینە دەبێت، ئەمەش گرەنتییە بۆ پەراوێزنەخستنی هیچ پێکهاتەیەکی ناو ئیئتیلافەکە».

### عەبدولمەهدی لە بری مالیکی

لەلایەکی دیکەوە رەزا جەواد تەقی، یەکێک لەسەرکردەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی عێراقی کە عەبدولعەزیز حەکیم سەرکردایەتی دەکات، بە شەرقولئەوسەتی راگەیاندووە: «هیچ گفتوگۆیەک نەکراوە لەسەر جێگرەوەی عەبدولعەزیز حەکیم کە ئێستا لەژێر چاودێریی وردی پزیشکیدایە لە تاران، بەڵام سەرکردایەتی ئەنجومەن یەکلاییکراوەتەوە بۆ عەماری کوڕی عەبدولعەزیز»، سەبارەت بە کاندیدی ئیئتیلافیش بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، تەقی وتوویەتی: «جگەلە د.عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، هیچ کاندیدێک دیارینەکراوە».

### مالیکی بڕیاریداوەو ئیئتیلافیش هەرچاوەڕێیە

هەرچەندە سەرانی لیستی ئیئتیلاف رایانگەیاند: ئەمە راگەیاندنی سەرەتایی ئیئتیلافەکەیەو دەرگایان کراوەیە، بەڵام کەسە نزیکەکانی مالیکی تەئکید لەوە دەکەنەوە کە دەیەوێت هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی پێکبهێنێت لە هەموو پێکهاتەکانی عێراقو لەناویشیاندا سەرکردەی عەشائیرە سوننییەکانو کەسایەتییە شیعییەکان هەبن.

لەلایەکی دیکەوە تەها درع، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف رایگەیاند: ئەمە راگەیاندنی سەرەتایی ئیئتیلافەکەیەو گفتوگۆ لەگەڵ حیزبی دەعوەی ئیسلامیی نەپچڕێنراوەو دەرگا کراوەیە بۆ بەشداریی هێزو لایەنی دیکەو لە هەموو کۆبوونەوەکانیشدا حیزبی دەعوەی ئیسلامیی بەشدارییکردووەو گفتوگۆی لەسەر بنەماکان کردووەو تائێستا بە رەسمیی رایاننەگەیاندووە کە ئەوانیش نایەنە ریزەکانی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقییەوە.

درع ئاماژەی بەوەشکرد، ئیئتیلافی ئەمجارە جیاوازە لەوەی پێشوو، هەوڵدەدرێت بکرێتە دامەزراوەیەکی رێکخراو و هیچ رێککەوتنێکی پێشوەخت ناکرێتو لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانو بەشو بەشکاریی ئالیەتی گونجاو دادەنرێت بۆ هەڵبژاردنەکان، سەرۆکی ئیئتیلافەکەش بە هەڵبژاردن دەبێتو پۆستی سەرۆک وەزیرانیش دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکرێت.

هاوکات، لەکاتی راگەیاندنی لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقیدا، هەریەکە لە ئیبراهیم جەعفەری، سەرۆکی رەوتی چاکسازییو سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقو عادل عەبدولمەهدی، جێگری سەرۆک کۆمارو بەرپرسی باڵای ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی، ئارەزووی خۆیان پیشاندا بۆ بەشدارییکردنی حیزبی دەعوەی مالیکیو رایانگەیاند، دەرگایان هەمیشە بە روویدا کراوەیە.

### ئیئتیلافەکەی مالیکیش دەرگاکانی دەکاتەوە

لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراق کە رۆژی دووشەممە راگەیەنرا، بەدیلی لیستی ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتووە، کە لە ساڵی (٢٠٠٥) لە ژمارەیەک حیزبی شیعی پێکهاتبوو، هەڵبژاردنی رابردوو نوقم بووبوو لە هاوپەیمانی تایەفیو مەزهەبی، بەڵام نوری مالیکی دەیەوێت لەم قۆناغەدا هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی لەهەموو پێکهاتەکانی عێراق پێکبهێنێتو پردی پەیوەندی نێوان لایەنەکان بێت کە لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە درزیان تێکەوتووە.

حەسەن سنێد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی رۆژی دووشەممە رایگەیاند: ناکۆکیو کێشەی جەوهەریی هەیە لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی نوێدا، وتیشی: «لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی دەستپێشخەرییو کرانەوەی هەیە بۆ هەموو پێکهاتەو چینەکانی عێراقو سەحوەش، هەروەها لیستی ئیئتیلافی شیعەش کە راگەیەنراوە، بەشێک دەبێت لەو لایەنانەی کە دەرگایان بە روودا کراوەتەوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا».

سنێد رۆژی دووشەممە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لیستی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا دەستیکردووە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە عەشایەریو سیاسییو کۆمەڵایەتیو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو لیستی ئیئتیلافیش کە خۆی راگەیاندووە.

### کۆتەکەی شکاند

هەروەک عیزەت شابەندەر، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەکردووە، مانەوەی مالیکی لە دەرەوەی لیستی ئیئتیلافی شیعە گوڕزێکی کاریگەرە لە پرۆژەی تایفیو مەزهەبیو سەرەتای کۆتایی مەزهەبی رەشە کە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە عێراقی روخاندووە.

شابەندەر کە لە ماوەی رابردوودا لە لیستی عێراقییەی عەلاوی کشاوەیە بە رۆژنامەی (سەباح جدید)ی راگەیاندووە: «مالیکی هەنگاوی یەکەمی ناوە بۆ بیناکردنی کەشێک بۆ کێبڕکێی نیشتمانی لەنێوان لیستەکاندا، ئەمەش بوار دەدات بۆ بڕینەوەی دەستی پێکهێنانی هاوپەیمانی تایفیی».

لەلایەکی دیکەوە شێخ هومام حەمودی سەرکردەی باڵای ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی کە سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاساو ئەمینداری گشتیی حیزبی دەعوە چاوی پێکەوتبوو و داوای لێکردبوو، بەشداریی لە پێکهێنانی ئیئتیلافی نوێدا بکات، رایگەیاند: مالیکی وەڵامی ئەوە بووە، پیرۆزبایی لێکردووین بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافی نوێ، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: ئیئتیلافی نیشتمانیی بەرەیەک نییە لەنێوان حیزبەکاندا، بەڵکو دامەزراوەیەکە دەیەوێت دەوڵەتی یاسا لە عێراقدا دروست بکاتو ئاماژەی بەوەکرد، مالیکی بەڵێنیداوە بەردەوام بێت لە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا.

### فەزیلەش چووە ریزەوە

هەرچەندە پێشتر لیستی ئیئتیلافی عێراقی بۆ نەزاهەو پەرەپێدان پێکهێنابوو، بەڵام حیزبی فەزیلەی ئیسلامیی چوونە نێو ئیئتیلافی نیشتمانیی راگەیاند، لە مەراسیمی راگەیاندنی ئیئتیلافە نوێیەکەدا، هاشم هاشمی، ئەمینداری گشتیی حیزبی فەزیلە رایگەیاند: «ئارەزوومان ئەوەبوو کە لیستێکی نیشتمانیی بە ناوی عێراقی نەزاهەو پەرەپێدانەوە پێکبهێنین، بەڵام ئێستا بەشداربووین لە کیانێکی گەورەترداو ئومێدەوارین ئەمە مەرجەعێکی گەورەبێت بۆ بەدیهێنانی ئەو نیەتەمان».



پێرێ، کاتی راگەیاندنی ئیئتیلافەکە

## کامەران ئیسحاق پەری:

# پەڵەو شپرزەیی بە دەستووری هەرێمەوە دیارەو دیکتاتۆری شاراوەی هەڵگرتووە



**کامەران ئیسحاق پەری، نووسەرو ڕۆژنامەوان دەڵێت: بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەو بە هەڵەداچوونە ڕاستبکەینەوە کە پێیوایە، ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لەچاو وڵاتانی ناوچەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پێشەنگە، بەهەمانشێوەی دیموکراتییەکەی کوردستان کە گوایا نموونەی دیموکراتیو ئازادییە، هەرکاتێک ئەم تێگەیشتنەمان لە عەقڵی کارەکتەری سیاسیی ئێمەدا گۆڕی ئەوا دەتوانین خاوەن دەستوورێکی مۆدێرنو دیموکرات بین.**

سازدانی، ئاسۆ عوسمان

**ڕۆژنامە: لە دەستووردا هاتووە ،ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چوار ساڵە، لە ڕۆژی کارپێکردنی ئەم دەستوورەوە، بەم پێیەش بارزانی ماوەی چوار ساڵی پێشووی سەرۆکایەتی بۆ حیساب نەکراوە، پێتانوایە ئەم مادەیە مەرامێکی سیاسیی لە پشتەوەیە؟**

* بەرلەوەی بەدوای گریمانەکانی هەبوونی مەرامێکی سیاسی بکۆڵینەوەو پرسیاربکەین، داخۆ تا چەند ئەوبڕگەیە لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکەکەیدا دەبێت، بە بڕوای من گرنگە گەڕانو لێکدانەوەو تێڕامان بەدوای مەغزای دەستوورو پێویستیمان بەو دەستوورە، دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، ئەوەندەی من ئاگاداربم لەسەر دەستووری هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەسکەندەناڤیا بەتایبەت کە دێتەسەر خانەی دیاریکردنی میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار، یان پاشا، یان هەر دەسەڵاتێکی دیکە کە هاوشێوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، لەبەردەم زۆر پێگەی یاسایی دەوەستینو ڕاستەوخۆ درک بەوەدەکەین کە دەستنیشانکردنی ئەرکو ماف، میکانیزمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، کارێک نییە ڕۆژانە ئەمان لە دەستووردا جێگۆڕکێی پێبکەنو بەپێی بەرژەوەندیی پارتێکی دەسەڵات پێیدابچنەوەو کەمو زیادی بۆبکەن، بەپێچەوانەوە، مەسەلەی سەرۆکایەتی جا پاشایی بێت یان کۆماریی تا ئەندازەیەک جێگیرەو بەدەگمەن ئاڵوگۆڕ بەسەر بڕگەکانیدا دێت.

چەند ساڵ وەک ژمارە بۆ وادەیەکی سەرۆکایەتی مانایەکو مەرامێکی ئەوتۆ نابەخشێت، هێندەی ئەوەی ئەو دەستوورە، لە ئاست دەستنیشانکردنی دەسەڵاتو چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەکەی چۆن ڕێگە بە گۆڕانی بڕگەکانی دەدرێت، ئایا بە چەند خولی پەرلەمان دەکرێت پارتێکی دەسەڵات بتوانێت بڕگەی دەستووریی بگۆڕێت، پاشان دەستوور ئەگەر بۆت نەبێت بڕگەکانی لەگەڵ خواستەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراتیەتی ئەمڕۆی جیهاندا بگونجێنێت، چ جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان تۆو وڵاتێکی دواکەوتوو بەدیدەکرێت، گریمان ئەو حیساب نەکردنە بۆ چوار ساڵی ڕابردوو لە سەرۆکایەتیەکەی مەسعود بارزانی بۆ درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتیەکەیەتی، واتە بۆ ئەوەی زۆررترین کات سەرۆک بێت باشە ئەی لەپاش ئەو (١٢) ساڵە بۆی هەیە جارێکی دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە، ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داهاتووی کوردستان، بە بەڵێ وەڵامی ئەو پرسیارە درایەوە ئەوا سەرۆک ئەوکاتە لەبەردەم ئەوەی کە ببێتە پاشای کوردستانو وەک پادشایەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لەگەڵ ئەوەی سەرۆکێکی هەرێم بە دیموکراتی هەڵبژێردرێت دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت.

من لێرەدا دەمەوێت چەند سەرنجێکی گرنگ بدەم، لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)دا سەرۆک لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرا، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لەڕێگەی گەلەوە هەڵبژێردرا، هەندێک لەلایەنگرانی دەسەڵات ئەو هەڵبژاردنەی سەرۆک لەلایەن میللەتەوە بە کارێکی لەخۆبووردوویی‌و خزمەتکاریی سەرۆک دەزانی، لەکاتێکدا ئەو بەڕێزانە نایانەوێت درک بەو ڕاستییە بکەن کە سەرۆک قبوڵی نییە لەناو هۆڵی پەرلەماندا چەند ئەندام پەرلەمانێک هەبێت دەنگی بۆ نەدات، ئەمە جگە لەوەی کە دەنگدان لەسەر سەرۆک لەناو هۆڵی پەرلەمان لە هەبوونی دەنگو ڕەنگی نارەزایی دەبێتە هۆی بە بچووکزانی خودی سەرۆک، من هەمیشە لەخۆم دەپرسم ئایا بەڕاست ئێمە پێویستیمان بە سەرۆک هەیە.

**ڕۆژنامە: لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە یاساناسانو ڕۆشنبیرانو سەرجەم چینو توێژەکانی دیکەوەداوای دەستوورێک دەکەن بۆ دیاریکردنی ئەرکو مافەکان، ئێستا تێبینی دەکرێت دوای پەسەندکردنی ڕەشنووسی دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە، دەستوور ڕەتدەکرێتەوە، ئایا ناوەڕۆکی ئەم دەستوورە ئەوەندە دواکەوتوو و کۆنەخوازانەیە ئەم هەموو هەڵایەی لەسەر دروستکراوە؟، ئایا یەکەم ڕەشنووسی دەستوور لە مێژووی کوردستاندا دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروستبوونی قەوارەیەکی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا یان بەپێچەوانەوە؟**

* ڕەتکردنەوەی ئەم دەستوورە لەلایەن زۆرێک لە سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیران، لە دیدگای ئایندە بینییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەستووری هەرێم دەخوێنمەوە، ناڵێم ناوەرۆکێکی دواکەوتوو کۆنخوازی لەخۆگرتوە، بەڵام بە بڕوای من ئەو دەستوورە، دەستوورێکی کامڵ نییە، چەمکی دروستکردنی دیکتاتۆرێکی شاراوە لەخۆدا هەڵدەگرێت، پەڵەو شپرزەیی بەنێو دێڕە نووسراوەکانیدا پێوەدیارە، بەریەککەوتنو بەگژداچوونی مافو ئەرکی تێدا بەدیدەکەیت، موجامەلەکردنی تێدایە، دروشمی تێدایە، تا ئەندازەیەکیش لە هەندێک بڕگەو مادەیدا نایەکسانی بەدیدەکرێت، هەبوونی هەموو ئەمانە لەو دەستوورەدا وا لە من دەکات وەک هاوڵاتییەکی کوردستان ئەو دەستوورە ڕەتبکەمەوە، هاوکات ئەگەر زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەوپەڕی هۆشیارییو دوور لە زۆرلێکردنو بەوپەڕی تواناو ڕەهەندە لۆژیکیەکانی خۆی دەنگیدا بەو دەستوورە، ئەوا ناچاردەبین بە ئەنجامەکەی لە ئێستادا ڕازیبینو لە سبەیشدا کار بۆ گۆڕینی هەندێکی یان هەمووی بکەین.

**ڕۆژنامە: لە بڕگەی (١٠)ی مادەی (١٩) ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان ـ عێراق، هاتووە هەموو کەسێک مافی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیەو پێویستە ئازادیی ڕۆژنامەگەرییو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو ڕادەربرین فرەلایەنییان مسۆگەربکرێت، لەهەمان بڕگەدا هاتووە ئەو مافە توانج و تەشەرەو دەستدرێژیی بۆ سەرمافی خەڵکی دیکەو سوکایەتی بە پیرۆزییە ئایینیەکانو هاندان بۆ توندوتیژیی برەوپێدانی ڕقو کینە لەنێو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان ناگرێتەوە. ئەم بڕگەیە ئازادیی ڕۆژنامەوانییو ڕادەربڕین بەرتەسک ناکاتەوە؟**

* لە دەستووری وڵاتانی دیموکرات مەرجێکی پێشوەخت بۆ ئازادیی ڕادەربڕین بەدی ناکەیت، بۆ ئەمەشیان بەڵگەم هەیە زۆربەمان ئاگادارین کە لە وڵاتێکی دیموکراتی وەک دانیمارک ساڵێک لەمەوبەر کاریکاتێرستێکی دانیمارکی بەهۆی کێشانی وێنەی پێغەمبەری ئیسلام چ هەرایەکی نایەوە، لەوەش زیاتر بۆ دانیمارک زیانێکی زۆری دبلۆماتیی‌و ئابووری لێکەوتەوە، ئەوان نەچوون کاریکاتێرستە دانیمارکییەکە ئەشکەنجەبدەن، ئەوان نەچوون لەزینداندا بیخەسێنن، بگرە لەئاست ئازادی ڕادەربڕینو بڕگە دەستوورەکەیاندا لێپرسراوانە مامەڵەیانکردو لەپێناو بەرزڕاگرتنی دیموکراتییەتی دانیمارک قبوڵی ئەو هەموو زیانەشیانکرد، لەوانیش بترازێت لە ئەمریکادا ڕۆژانە لە چەندان بەرنامەی تەلەفزیۆنیو لەسەر رووپەڕی ڕۆژنامەکانیشیان بە هەزاران ڕەخنەو توانجو گاڵتەپێکردن بەدیدەکەین، خودی سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئەمریکا «بوش» ئەو تاکە پێڵاوەی تێیگیرا ئەگەر بەپێی دەستووری ئەمریکا بوایە بە هیچ شێوەیەک نەدەبوو ئەو ڕۆژنامەنووسە زیندانی بکرێت.

ئەسڵەن لە وڵاتی ئێمەدا یەک لەو کارانە دەبێتە هۆی ئەوەی پیاو ژیانی خۆشی لەسەردابنێت، ئەم مەرجدانانە، ئەم سنووربەندییە وا لە ڕۆژنامەنووسانو ئازادیخوازان دەکات کە سڵ لە کاری بوێرو گورزی جەرگبڕی ڕاستگۆیی بکەنو ڕۆحی ئازادییان دامرکێنرێتەوە.

**ڕۆژنامە: لە مادەی (٢)ی دەستوورەکەدا سنووری جوگرافی سیاسیی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، بەڵام لە بڕگەی دووەمی هەمان مادەدا سنوورە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق، بەستراوە بە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ەوە، یەکلایی نەکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانو جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠)، ناڕوونی لە ئایندەی ئەم ناوچانە کێشەیەک لەم مادەیە دروستدەکات، لەکاتێکدا لە بڕگەی دووەمی مادەکەدا ئاماژە بە سنووری سیاسیی کراوە نەک جوگرافی؟**

* مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکانو بەستنەوەی چارەنووسیان بە مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، دەست لێهەڵگرتنێکی تەواوە لە ناوچە دابڕاوەکان، سنووری جوگرافی بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان هیچ مانایەک نابەخشێت لە هەبوونی تەرحو ئەڵتەرناتیڤی چارەسەرکردنی سیاسی بۆیان.

**ڕۆژنامە: لە مادەی (٦)دا هاتووە نابێت هیچ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلام، هەروەها لە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیەدا هاتووە ناشبێت هیچ یاسایەک دابنرێت ناکۆک بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی، ئایا کێشەیەکی گەورە بەدیدەکرێت لەم مادەیەدا بەهەمانشێوەی ئەو کێشەیەی لە دەستووری عێراقدا هەیە؟**

* پشتبەستن بە دوو بنەما بۆ داڕشتنی یاساو تەشریعات لە دەستووری هەرێمی کوردستانو لە عێراقیشدا، کە یەکێکیان بنەما نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلامو ئەوی دیکەشیان بنەما دیموکراتییەکانە، مقۆ مقۆیەکی گەورەی لەنێوەندە سیاسیو ڕۆشنبیرییەکەدا هەڵگرتووە، ئەمەش سەرئەنجامی ئەوەی بەشێکی پەیوەستە بەو تێڕوانینەی کە لایوایە دەشێت بنەما نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام، مافە دیموکراتیو ئازادییە ڕەهاکە، نوێخوازیەکان لە چوارچێوەی، هەرێمێکی کوردستان دەستبەبەرناکات، بەشەکەی دیکەشی دەشێت بەهۆی ئەو بەریەککەوتنە بێت کە ڕەنگ بێت هەندێک لە بنەما نەگۆڕەکانی ئایینی ئیسلام لەگەڵ بنەما دیموکراتییەکان یەکانگیرنەبێت، لەنێو هەبوونی ئەم دوو دژە ڕایەدا، بۆ هێزە ئیسلامییەکان لایانوایە کە هیچ بنەمایەکی نەگۆڕی ئیسلام لەدژی خواستی دیموکراتی نەبینێت، بەپێچەوانەشەوە بۆ هێزە عەلمانییەکان پێیانوایە کە ناکرێت لە دەستوورێکی دیموکراتیدا پشت بە بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام ببەسترێت.

بە بڕوای من هەبوونی ئەم دووهێزە ئیسلامیو عەلمانییە، ئەم دووتێزە دژ بەیەکە، ئەم دوو دەسەڵاتە لە کوردستانو لە عێراقیش هانی بنووسانی دەستووری داوە کە هەردوو بنەماکە ڕەچاوبکەن، لەهەمانکاتیشدا ببێتە نیگەرانی هەردوولایان، ئەمەش دەچێتە خانەی موجامەلاتی سیاسی هەنوکەیی لە کوردستاندا، نەک پابەندبوون بە چەمکی بەرژەوەندیی گشتییو ئایندەی کوردستان.

**ڕۆژنامە: لەو دەستووردا هاتووە، پاش ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدارانی هەرێمی کوردستان لە ڕاپرسییەکی گشتییدا دەستوور بەپەسەندکراو دادەنرێت، بەڵام ڕێژە دیارینەکراوە بۆ پەسەندکردن یاخود ڕەتکردنەوەی دەستوور، یاساناسان ئەمە بە کێشەیەکی گەورە دەبینن‌و پێیانوایە دیارینەکردنی بە بەڵێ ڕێژەی دوو لەسەر سێی خەڵکی کوردستان بە دەستوور فێڵێکی سیاسییەو بۆ تێپەڕاندنی دەستوور، تا چەند ئەم ڕەخنانە لە جێگەی خۆیدایە؟**

* ئەوەندەی من ئاگاداری مەسەلەی دەنگدانو ڕیفراندۆم بم لە وڵاتانی ئەوروپادا بەتایبەتی لە ئاست دەنگدان لەسەر ڕەشنووسی دەستوور، گۆڕینی دراو، ڕێژەکە دیاریکراوە، واتە کاتێک کە تۆ ڕاپرسیی لەسەر چارەنووسی سیاسی، ئابووری، کلتووریی گەلێک دەکەیت، لانیکەم دەبێت لە نیوە زیاتر ڕەزامەندی لەسەربێت تابتوانیت کاری لەسەر بکەیت، کارێکی بێمانایە ئەگەر تۆ دەنگی نارەزایی ئەو هەموو هاوڵاتییانە بەهەند وەرنەگریتو کار بە دەنگی کەمینەیەک بکەیت کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تۆدا هاوتەریبە، من دەپرسم لە کام وڵاتی دیموکراتیدا ڕێگە دەدرێت دەستوورێک بچەسپێنرێت کە هێشتا دوو لەسەر سێی نەک هەر پێی ڕازی نییە بگرە لە نیوە زیاتر هەر نەشی خوێندووەتەوە؟ پاشان پرۆسێسی دەنگدان لەسەر دەستوور پرۆسێسێکی لەسەرخۆو هێواش بەڕێوەدەچێت، مەودایەک هەیە بۆ هاوڵاتی کە بیر لەوە بکاتەوە تا چەند ئەم دەستوورە ئەرکو مافەکانی بۆ دەستەبەردەکات، تەحەدا دەکەم جگە لە کادیرو کارەکتەری سیاسیو ڕۆشنبیران دەستوورییان خوێندبێتەوە، باشە تۆ چۆن دەستوورێک نەخوێندرابێتەوە دەنگی لەسەر دەدەیت.

کامەران ئیسحاق پەری
– نووسەرو ڕۆژنامەنووس
ـ لەدایکبووی شاری سلێمانی (١٩٧٥)
ـ لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە لە هەندەران دەژی.

## …ی هەرێم تۆمارنەکراون

# …پڕۆژەی بچووک نەکردووە



…پڕۆژەی بچووک تێنەگەیشتووەو گرنگیو بایەخی پڕۆژەی بچووکیشی لەبەرچاونەگرتووە».

محەمەد حەکیم سەرۆکی مونتەدای ئابوریی کوردستان، وتیشی: «ئومێدەوارم کە هەڵبژاردنەکان جارێکی تر وای کردبێت کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لەوە گەیشتبێتن‌و ئاوڕ لە کۆمەڵگە بدەنەوە، ئەگەرنا کۆمەڵگە فەرامۆشیان دەکات».

### (٢٣٪)ی خەڵکی عێراق لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین

بەگوێرەی رووپێوێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراق (٢٣٪)ی خەڵکی عێراق لەژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین‌و بەشێکی زۆری داهاتیان دەڕوات بۆ خواردن‌و شوێنی نیشتەجێبوون.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی وەزارەتی پلاندانان، (٩٤ ,٥٤٪)ی داهاتی ئەوهاوڵاتییانە بۆ خۆراک‌و شوێنی نیشتەجێبوون‌و (٨٦, ١٦٪)یش بۆ سووتەمەنی‌و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان دەڕوات، راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەشکردوە، پارێزگاکانی موسەناو دیالەو سەلاحەدین زۆرترین رێژەی هەژارییان تێدایە، بەجۆرێک رێژەی هەژاریی لە گوندەکانی پارێزگای موسەنا زیاتر لە (٧٠٪) پێکدەهێنێت.

### (٧٠٪)ی پڕۆژە بچووکەکانی هەرێم تۆمارنەکراون

فەیسەڵ عەلی، ئەندامی مونتەدای ئابووریی کوردستان باس لەوە دەکات هەرچەندە پڕۆژەی بچووک (٩٠٪)ی پڕۆژەکانی عێراق‌و وڵاتانی ناوچەکەو هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، بەڵام بەداخەوە تائێستا هەندێک لە وڵاتان بە حکومەتی هەرێمیشەوە گرنگییان بەو بوارە نەداوە، ئەوە لەکاتێکدایە لە زۆرێک لەوڵاتانی پێشکەوتوودا دامەزراوەی تایبەت بۆ پڕۆژەی بچووک هەیەو ئەرکیان ئەوەیە پلان‌و بەرنامە بۆ برەودان‌و بەرەوپێشبردنی پڕۆژەی بچووک دابنێن‌و بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان بدۆزنەوەو لە رێگەی بانکەکانەوە هاوکارییان بکەن.

فەیسەڵ عەلی، ئاماژەی بەوەشکرد، لە لێکۆڵینەوەیەکیدا کە خۆی ئەنجامیداوە دەرکەوتووە (٦٥٪ - ٧٠٪)ی پڕۆژە بچووکەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارنەکراون، «ئەوەش لەچەندین رووەوە کێشە بۆ پڕۆژەکان دروست دەکات‌و پێویستە حکومەت پێداچوونەوە بە تۆماری پڕۆژەبچووکەکاندا بکاتەوەو دامەزراوەیەکی تایبەتیان بۆ دابمەزرێنێت، بۆئەوەی پڕۆژەی بچووک لەهەرێمدا رێکبخاتەوەو پۆلێنبکرێن تا ئیشوکارەکانیان بە شێوەیەکی یاسایی‌و رێکوپێک بەڕێوەبچن».

### حکومەت پێناسەی بۆ پڕۆژەی بچووک نەکردووە

بەشێکی زۆری ئەو کاڵاو پێداویستییانەی ئێستا لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن بەرهەمی پڕۆژە بچووکەکانی چین‌و وڵاتانی دەوروبەری عێراقن، بەڵام بە وتەی فەیسەڵ عەلی، لەوێ سیاسەتێکی تۆکمە لەسەر بنەمای داتاو زانیاریی دارێژراوە، بۆیە دەتوانرێت بەرهەمی ئەو پڕۆژانە بەشێوەیەکی باشتر پەرەی پێبدرێت‌و بەرهەمەکانیان ساغبکرێتەوە لە بازاڕەکاندا، ئەوە جگەلەوەی هەر پڕۆژەیەک بەرهەمەکەی باشتر بێت، حکومەت هاوکاریی دارایی زیاتری خاوەنی ئەو پڕۆژەیەدەکات‌و هەرپێویستییەکی هەبێت بۆی فەراهەمدەکرێت.

فەیسەڵ عەلی دەڵێت: «گەورەترین کێشە لەهەرێمی کوردستاندا کێشەی نەبوونی پێناسەیە کە تائێستا پێناسەیەک بۆ پڕۆژەی بچووک نەکراوە».

وتیشی: «لەوڵاتێکدا ئەگەر پێناسەیەک بۆ پڕۆژەی بچووک نەبێت، چۆن دەتوانرێت گرنگی‌و بایەخی لەبەر چاوبگیرێت، هەربۆیە ئەوکاتەش نازانرێت ئامانج لەپڕۆژەی بچووک چییەو کێشەکانیان چین، لە کاتێکدا ئەگەر نەزانرێت کێشەی پڕۆژەی بچووک چییە، ئەوا ناتوانرێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە».

### چەندین وەزارەت

### مۆڵەت بە پڕۆژەی بچووک دەدەن

ئەندامەکەی مونتەدای ئابوریی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات تائێستا نازانرێت ژمارەی پڕۆژە بچووکەکان لە هەرێمی کوردستاندا چەندن، هەربۆیە ئێستا هەشت نۆ وەزارەت هەن کە مۆڵەت بەپڕۆژەی بچووک دەدەن‌و «ئۆباڵی ئەو بێبەرنامەییەش لەئەستۆی وەزارەتی پیشەسازییدایە»، چونکە بەو پێیەی وەک ئەو وتی: ئەوە وا دەکات پڕۆژە بچووکەکان دابەش ببن بەسەر چەندین شوێندا، بەڵام لە بنەڕەتدا خۆی وا پێویست دەکات دامەزراوەیەکی تایبەت بۆ ئەو بوارە دابمەزرێت‌و هەموو ئیشوکارەکانی تایبەت بە پڕۆژەی بچووک بخرێتە ژێرچاودێریی ئەو دامەزراوەیەو بەتەنیا ئەو سەرپەرشتی بکات.



(٣) کیلۆ دۆلاری زیمبابۆی دەکاتە (١٠٠) دۆلاری ئەمریکی



مووچەی یەک مانگی فەرمانبەرێک



دەچێت بۆ بازاڕ بۆ شت کڕین



ڕۆژانەی یەک منداڵ

**جگە لە ئەمریکا..**

**ئوسترالیا، بربادۆس، بهامی، برمودی، بورونی، کەنەدا، کاریبی، ڤیجی، کویانی، هۆنکۆنگ، جامایکا، لایبیریا، نامیبیا، نیوزیلەند، سەنگافورە، دوورگەکانی سلێمان، سورینام، تایوانی نوێ، ترینیداد، تۆباکۆ، زیمبابۆی، جامایکا. ئەو وڵاتانەن، کە دۆلار دراوی فەرمییانە.**

# پێشینەی خانووبەرە رادەگیرێت

**محەمەد ساڵح**

بەرپرسێکی باڵای بانکی رافیدەین رایدەگەیەنێت، پێشینەی خانوبەرە بۆ بەرپرسانی پلەباڵا بەردەوامە، بەڵام بۆ کارمەندانی خوارەوە راگیراوە.

عەبدولحسەین یاسری، بەڕێوەبەری گشتیی بانکی رافیدەین لە لێدوانێکیدا بە رۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدای راگەیاند «پێدانی پێشینە کە بڕەکەی لەنێوان (١٥ - ١٠٠)ملیۆن دیناردایە بۆ وەزیرو ئەفسەرانی سوپاو بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و جێگرەکانیان‌و کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەدەزگا حکومییەکاندا بەردەوامە، بەڵام بۆ کارمەندان‌و فەرمانبەرانی خوارەوە راگیراوە».

وتیشی: «پێدانی پێشینە بۆ وەزیرو بەڕێوەبەرەگشتییەکان‌و ئەفسەرانی پلەی عەمیدو بەرەوژوور بریتییە لە(١٠٠)ملیۆن دینار، بۆ جێگری بەڕێوەبەرەگشتییەکان‌و پسپۆڕانی دەزگا حکومییەکان (٥٠)ملیۆن دینارەو ئەفسەرانی پلەکانی رائیدو عەقید (٢٥)ملیۆن دینارەو ئەفسەرانی پلەکانی نەقیب‌وملازمی دووەم (١٥)ملیۆن دینارە.

یاسری، روونیشیکردەوە «وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر ئەوەنیشانداوە کە پێدانی ئەو پێشینەیە بۆ بەرپرسە باڵاکان بەردەوام بێت، بەڵام بەهۆی بوونی حاڵەتی فرتوفێڵ‌و ساختەکارییەوە بڕیاردراوە پێدانی ئەو پێشینەیە بۆ فەرمانبەرانی خوارەوە رابگیرێت تا ئەو کاتەی میکانیزمێکی نوێ دەدۆزرێتەوە».

بەڕێوەبەری گشتیی بانکی رافیدەین، ئەوەشی نەشاردەوە «لە رابردوودا، کاتێک پێشینە دەدرا بە فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە دەیان حاڵەتی وەک فرتوفێڵ‌و ساختەکاریی‌و گەندەڵیی روویانداوەو هەر ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ راگرتنی پێشینەکە».



## (٧٠٪)ی پرۆژە بچووکەکا

# حکومەتی هەرێم تائێستا پێناسەیەکی بۆ پ

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

بەشێکی زۆری کاڵاوپێداویستیی بازاڕەکانی هەرێم بەرهەمی پرۆژە بچووکەکانی وڵاتانی دەوروبـــەرن، بەڵام شارەزایەکی بـواری ئابووریی رایدەگەیەنێت، تائێستا (٧٠٪)ی پرۆژە بچووکەکانی هەرێم تۆمارنەکراون‌و حکومەتیش پێناسەیەکی بۆ پرۆژەی بچووک نەکردووەو بایەخ‌و گرنگیی پرۆژەی بچووکی لەبەرچاونەگرتووە.

### پرۆژەی بچووک چییە؟

پرۆژەی بچووک خۆی لەچەندین بواری وەک دانانی کارگەیەکی بچووک، یاخود سەرتاشخانەیەک یان دوکانێک یان جۆرێک لەپیشەسازیی دەبینێتەوە کە راستەوخۆ لەلایەن کەسێکەوە یاخود چەند کەسێکەوە بەڕێوەدەبرێت.

هەرچەندە پرۆژەی بچووک پشت بەداهاتی خاوەنەکەی دەبەستێت‌و زۆرجارسوودو زیانی ئاشکرانییە، بەڵام هۆکارێکی دروستکردنی ترسە لای سەرمایەداران‌و پرۆژەکەش پەیوەندیی بە زەوق‌و لێهاتوویی خاوەنەکەیەوە هـەیـەو زیـاتـر مۆرکێکی ناوخۆیی وەردەگرێت.

بەپێی لێدوانی شارەزایانی بواری ئابووریش، ئێستا زۆرێـک لەوڵاتانی پێشکەوتوو پشتیان بەپرۆژەی بچووک بەستووەولەپلانی‌ئابووریی‌وڵاتەکانیاندا جێگەی خۆی کردووەتەوە.



### Unops هاوکاریی پرۆژەی بچووک دەکات

ڕێـــکـــخـــراوی Unops کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەو یەکێکە لە ڕێکخراوەکان نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکێک لـەکـارەکـانـی ئـەوەیـە کە دەیەوێت ڕێژەی هەژاریی لەجیهاندا کەمبکاتەوەو

عێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕێـژەی هەژاریی تێیدا لە ئاستێکی بـەرزدایـە، هەربۆیە ڕێکخراوی unops بڕێک پارەی بۆ بووژاندنەوەو بـــرەودان بە پـــرۆژەی بچووک لە هەرێمی کوردستان تەرخانکردووە.

محەمەدکەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان وتی: بۆ ئەوەی ڕێژەی هەژاریی کەمبێتەوە unops پێیوایە، پێویستە ژنان کاربکەن‌و بچنە بواری کارکردنەوەو دەیانەوێت بزانن کەسێک کە خاوەنی پرۆژەیەکە چۆن بتوانێت ئیدارەی پرۆژەکەی خۆی بکات، یان ئەوکەسانەی پرۆژەیان نییە چۆن پرۆژەیەک دروست بکەن، بەتایبەت ژنان‌و ئەو کەسانەش کە نەخوێندەوارن.

### حکومەت، لە پرۆژەی بچووک تێنەگەیشتووە

کۆمەڵگەی ئەمریکی‌و ژاپۆنی بـەردەوام پشت بەپرۆژەی بچووک دەبەستن‌و یەکێک لەو بەرنامانەش کە ئۆباما بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی ئەمریکا دایڕشتووە، بووژاندنەوەو بەگەڕخستنەوەی پرۆژەی بچووکە، چونکە پـــرۆژەی بـــچـــووک کەمتر تەکنەلۆژیای تێدا بەکاردەهێنرێت.

بـەڵام بەپێچەوانەی تێڕوانینی وڵاتـانـی پێشکەوتوو، سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان پێیوایە «حکومەتی هەرێم تائێستا لە

# ئەو دراوەی بەهاکەی لە کێشی کەمترە

سەرەکیترن هۆکاری بێ نرخبوونی دراو لە هەر وڵاتێکی جیهاندا شەڕو نەبوونی‌پلانێکی‌ئابوورییە، ئـەوەتـا وڵاتـێـکـی وەک زیمبابۆی هەرچەندە ناوی دراوەکەشیان هەر دۆلارە، بەڵام بەهاکەی لە کێشەکەی کەمترە، بەجۆرێک کە ئەو کاڵایەی بە هۆی ئەو دراوەوە دەکڕدرێت کێشی کەمترە لە کێشی کاغەزی دراوەکە.



**پارەی یەک بوتڵ بیرە**



**پارەی یەک ژەم نانخواردن**




**یەک پارچە نەستەلە**
**بە (١٠) ملیۆن دۆلار**
**یەک جبس**
**بە (٦٠) ملیۆن دۆلار**
**یەک بنێشت**
**بە (١٠) ملیۆن دۆلار**
**زەرفێک چەرەس**
**بە (٤٠) ملیۆن دۆلار**



**پارەی یەک مریشک**


SAMSUNG
بۆ ئاسودەیی باشترینە
SAMSUNG
00964 770 152 0089
www.bayadgroup.com
info@bayadgroup.com
Bayad Company
BAYADGROUP
کۆمپانیای بەیاد
بەغداد - کەرادە - شەقامی سەعدە - هەولێر - شەقامی پرمام - تەنیشت بەرزیخانەی شۆڕش - سلێمانی - شەقامی سالم - تەلاری جەمال حاجی عەلی

# هەولێر، زۆرترین منداڵی ئیشکەری تێدایە

بارزان حەسەن



بەپێی لێکۆڵینەوەیەک، کە ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان ئەنجامیداوە ڕێـژەی منداڵانی ئیشکەر لە هەولێری پایتەختی هەرێمدا دەگاتە (٥٥٪).

بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوەکە، کە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئەنجامیداوە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش بڵاویکردووەتەوە ژمـارەی منداڵانی ئیشکەر لە شاری هەولێردا (٨) هەزارو (٢٤٦) منداڵە، بـەڵام ڕێـژەی منداڵانی ئیشکەر لەشاری سلێمانی (٢٧٪)ەوە لە هۆکیش (١٧٪)ە.

بـەپـێـی بـەنـدەکـانـی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ پێناسەی منداڵ دەکرێت بـەوەی: «هەر کەسێک تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت پێی دەوترێت منداڵ».

بەندی (٣٢)یش پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات، کە «دەبێت منداڵ پارێزراو بێت لە هەرجۆرە چەوساندنەوەیەکو مافی خوێندنی هەبێتو دووربێت لە هەر جۆرە هەڕەشەیەک کە زیان بە جەستەو ڕۆحی بگەیەنێت»

هونەر ئـازاد، یەکێکە لەو هـەزاران منداڵەی لەسەر شەقامەکانی پایتەختی کوردستان کار دەکەن، ئەو لە سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی تا (٦)ی ئێوارە کار دەکـاتو وەک خۆی وتی: «ڕۆژانە (١٥ - ٢٠) هەزار دینارێک پەیدا دەکاتو ئەو پارەیەی دەستی دەکەوێت دەیدات بە خەرجیی خۆیو ماڵەوەیان»

ئەحمەد عەلی، تەمەنی (١٤) ساڵە یەکێکی دیکەیە لەو منداڵە ئیشکەرانەو باسی لەوە کرد کە «شەوانە تا سەعات (٩) دێتە دەرەوە بۆ فرۆشتنی تۆپو یاری منداڵان لە بازاڕی ئیسکان، بەڵام لە دوای سەعات (٩) ەوە بۆ سەیرکردنی تەلەفزیۆن دەگەڕێتەوە ماڵەوە».

دلێر ئەنوەر، لێپرسراوی ناوەندی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی باسی لە عەقڵیەتی خێزانەکان کـردو بە سەرەکیترین هۆکاری دانا لەپشت کارکردنی منداڵانەوە، وتیشی: لە کوردەواریدا شتێک هەیە، کە دەڵێن (منداڵ ئەگەر لە منداڵییەوە ئیشی پێ بکرێت دەستو پێ سپی نابێت) واتە ئەو منداڵەی لە منداڵییەوە دەخرێتە بەر کارکردن وریا دەبێتو لە پاشـەڕۆژدا پشت بەخۆی دەبەستێت، هەربۆیە لێپرسراوی ناوەندی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پێیوابو: «زۆرێک لە خێزانەکان لەسەر ئەو بنەمایە بیر دەکەنەوە»

دلـێـر ئـەوەشـی نـەشـاردەوە، کە «هـەرچـەنـدە بـەرنـامـەی چاودێریی خێزانیی سەر بە وەزارەتەکەیان مانگانە بە بڕی (٣٠) هەزار دینار یارمەتی (١٢) هەزارو (٦٩٩) خێزان لە هەولێر دەدات بە هەمانشێوە یارمەتیی خێزانە هەژارەکانی سلێمانیو دهۆکیش دەدرێت، بەڵام لەو بڕوایەدابوو هەژاریی هۆکاری کارکردنی منداڵانە».

بـەپـێـی ئـامـارەکـەی ڕێـکـخـراوی منداڵپارێزی کوردستان ساڵانە لە پشووی هاویندا ڕێژەی منداڵانی ئیشکەر بۆ زیاتر(٥٠٪) بەرز دەبێتەوە کە ئەوەش کاریگەریی خراپی دەبێت بۆ سەر ژیانو گوزەرانی منداڵانو ئایندەی منداڵان لە کوردستان بـەرەو چارەنووسێکی نادیاریان دەبات.

فەرهاد عوسمان، سەرپەرشتیاری سێکتەری پاراستنی منداڵ لە منداڵپارێزی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ڕێکخراوەکەیان چالاکیی بەردەوامیان هەیە بـۆ باشترکردنی بـارودۆخـی منداڵان،

وتـیـشـی: «لـە وەرزی هاویندا خولی فێرکردنی کۆمپیوتەر، مۆسیقا، شانۆگەریی بۆ مـنـداڵان دەکـەنـەوەو زستانانیش کار دەکەن بۆ بەردەوامبوونی منداڵە کەم درامەتەکان لە خوێندن».

# قەیرانی ژنهێنان لەنێو ئێزدییەکاندا!



دیمەنی چەند ئێزدییەک

فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

لـەبـەر زۆریـی مـارەیـی کـچـان، بێکارییو گرفتی خانوو، ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی ئێزدی نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەرێتی پێکەوە بنێن، بەمەش دیاردەی قەیرەبوونی کچانی ئێزدی بە ڕوونی دەرکەوتووە.

بەپێی ئـەو زانیارییانەی خـودی ئێزدیەکان ئاماژەی پێدەدەن، مارەیی کچانی ئێزدی لە نێوان (١٠ - ٣٠)هەزار دۆلاردایە، ئەم بڕە پارە زۆرە بووەتە کۆسپێک لـەبـەردەم زەماوەندکردنی ژمارەیەکی زۆری گەنجانی ئەو تایفە ئاینیەدا.

کێشەکە لە حاڵەت دەرچووەو بووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، تا گەیشتووەتە ئـەو ڕادەیـەی ئەنجومەنی ڕوحانیی ئێزدی کە لە پیاوە ئاینییەکان پێکهاتووە، لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەیەکە بۆ ئەو قەیرانەو چەند بڕیارێکی لەو بارەیەوە دەرکردووە.

ئەم ئەنجومەنە پاش کۆبوونەوەیەک، داوای لە هەموو خێزانە ئێزدیەکان کرد کە زیاتر لە (٢)هەزار دۆلار بۆ مارەیی کچەکانیان داوا نەکەن.

بـەڕێـوەبـەری گشتیی کـاروبـاری ئێزدیەکان لە وەزارەتـــی ئەوقافو کاروباری ئاینیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خـەیری بـۆزانـی، دەڵێت «بە ڕاستی ئەمە کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە لەنێو ئێزدیەکاندا، ئەم کێشەیە وای کردووە تائێستا ژمارەیەکی زۆر لەگەنجانی ئێزدی نەتوانن ژن بهێنن، یان مێرد بکەن».

کێشەکە تەنیا ئەوەندە نییە، بەڵکو ئـەوەی هێندەی تر ئـەم مەسەلەیەی قورستر کـردووە، ئەوەیە کە لەتایفەی یەزیدیدا، لە ڕووی ئاینییەوە، ناکرێت هاوسەرگیری لەنێوان ئێزدیو غەیرە ئێزدیدا ڕووبدات، ئەمە جگە لەوەی لەنێو خـودی ئێزدیەکانیشدا چەند چینێکی کۆمەڵایەتی هەنو دووبارە زەواج لەنێو ئەو چینانەدا نییە.

قسەو باس لەسەر مێژووی ئاینی ئێزدی زۆرو جیاوازە، هەندێکی زۆریان لـە ڕووی نـەتـەوەیـیـەوە خـۆیـان بە کوردی ڕەسەن دەزاننو لەناوچەکانی پـارێـزگـای دهـۆکو نەینەوا دەژیـن، بەتایبەت لەناوچەکان جێگەی ململانێو مادەی (١٤٠)ی دەستووریی. هەروەها ژمارەیەکیان لە وڵاتانی ئەرمینیا، جۆرجیا، ئێران، ڕوسیا، سوریاو تورکیا دەژین، لەعێراقیشدا نزیکەی (٦٠٠)هەزار هاوڵاتی دەبنو بەکەمەنەتەوە دەژمێررێن.

لە ڕووی ئاینییەوە، ئێزدیەکان حەوت فریشتەیان هەیەو یەک خوا دەپەرستن، بــەڵام بەپێی ئــەو ئاینە ئیبلیس کە لەئیسلامدا بەشەیتان ناسراوە، داوای لێبوردنی لەخوا کردووەو نەبووەتە جێی لەعنەتکردن.

بەشێوەیەکی گشتی ئێزدیەکان خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتنو زۆربەیان وەک کرێکار لەچێشتخانەو ئوتێلەکاندا کار دەکەنو ژمارەیەکی کەمیان فەرمانبەری حکومەتن. ئێزدیەکان لەپاش داگیرکردنی عێراق کەوتنەبەر هێرشی توندڕەوەکانو ژمارەیەکی زۆریان لە پارێزگای موسڵ کوژران، هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان بەرەو ئەوروپا کۆچیانکرد.

لەبارەی هۆکاری زۆریی پارەی مارەیی لەنێو ئێزدیەکاندا، بۆزانی ڕوونکردەوە کە ئەم دیاردەیە لەسەر دەستی ئەو کوڕە ئێزدیانە دروسـت بـوو کە لەئەوروپا دەگەڕێنەوەو لە هەرێمی کوردستان ژن دەهێنن، «ئـەوان بەپارەیەکی زۆرەوە دێنەوە کە لە ئەوروپا دەستیانکەوتووەو گەنجانی ئێرەش لەبەر کەمدەرامەتی ناتوانن ئەو پارەیەیان دەستکەوێت».

هاوکات، ناوبراو پێیوایە کە هەندێک لەکچانی ئێزدی پێیان باشترە شوو بە کوڕێکی ئێزدی بکەن کە لە ئەوروپا بژی، ئەمەش بەو هیوایەی ئەوانیش بڕۆنە دەرەوەی وڵات.

کاروان شەنگالی، گەنجێکی ئێزدی تەمەن (٢٥)ساڵـە، لەچێشتخانەیەکی ماسی برژاندن لە شاری هەولێر کار دەکات، ئەم گەنجە زۆر خۆشحاڵە بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ڕوحانیی ئێزدی، چونکە «یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین بەئاسانی ژن بهێنین».

ئەگەرچی ئــەم گەنجە ئومێدی زۆرە بەو بڕیارە تا بتوانێت ژیانی هاوسەرگیری پێکبهێنێت، بەڵام هەندێکی تر گومانیان هەیە کە هەموو ئێزدیەکان پابەندی ئەم بڕیارە ببنو جێبەجێی بکەن،

لەم بارەیەشەوە سعود مستۆ نەجم، بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیریی لالش (پەرستگای سەرەکی ئێزدیەکان) لە شێخان لە (پارێزگای موسڵ)، پێیوایە هەندێک لەخێزانەکان «پابەندی ئەم بڕیارە نابنو بەردەوام دەبن لەداواکردنی ئەو بڕە پارە زۆرە»و دەڵێت «ئەنجومەنی ڕوحانی هیچ سزایەکی نییە بۆ ئەوانەی بڕیارەکە ڕەتدەکەنەوە»، لەهەمانکاتیشدا ئاماژە بەوەدەدات کە ئەوانەی بڕیارەکە ڕەتـدەکـەنـەوە «ناوبانگو سومعەی خۆیان لەنێو خەڵکدا پیسدەکەن»، چونکە بڕیارەکە لەلایەن پیرۆزترین ئەنجومەنی ئێزدیەوە دەرچووە.

لەگەڵ ئەمەشدا بەرپرسی کاروباری ئێزدیەکان نایشارێتەوە کە زۆریـی پـارەی مارەیی تەنیا گرفتی بـەردەم زەماوەندکردنی گەنجانی ئێزدی نییە، بەڵکو «بێکارییو نەبوونی خانوو» گرفتی زۆر گەورەن لەبەردەم گەنجەکاندا.

**نیقاش**

ژمـاره (541)چوارشەممە 2009/8/26
birura. rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# ـــەکی نوێ

بـووەو هەتا ئێستا لەژێر چاودێریی پزیشکدایە.

نوێخوازیو تێرامان لە گەشبینی ژیانو بەختەوەری بۆ خەڵک لەپێناو مرۆڤایەتیدا هەست بەلێپرسینەوەو هۆشیارییە لای خەڵکانی بیرمەندو وڵاتپارێز، چونکە ئەو بیرو ئایدیایە پێچەوانەی بیرو بناغەی دیواری دواکەوتنو کۆنەپەرەستییەو رزگارکردنی وڵاتە لە لیستی رەشو ناوی رەشو چارەی رەشو..هتد. ئەم شەپۆلی گـۆڕیـنو هەڵبوونە ئایدیای مرۆڤی هۆشیارو بەئاگای سەردەمی نوێیە، بۆئەوەی چیتر لەبەرچاوی جیهاندا ناشرین دیار نەبین، بەڵام هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە جیـاوازی نێوان چەمکی گـۆڕانو پرۆسەی گۆڕان نەزانین، چونکە چەمکی گۆڕان کارە تیۆریو باسکردنەکەیەتی بەشێوەی دەمیی (شفوی)، بەڵام پرۆسەی گۆڕان کاری پراکتیکیو چوونە ناوەوەی گۆڕانە بەتەواوی، بەڵام دەستپێکردنە نەک تەواوبوون، چونکە گۆڕانو سیستمی لیبراڵ دیموکراسی هەروا ئاسان نییە بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لەفیکردا.

ئێمە لەمێژە نزیکەی سەدەیەکە (١٩١٢-٢٠٠٩) دەسخەڕۆی بیری تاریکو نەژادپەرەستیو کێشەی نەتەوایەتین لەگەڵ دوژمندا (عێراق، ئێران، سوریا، تورکیا) کەچی ئێستاش دیلی دەستی دەسەڵاتی کوردی خۆمانین لە کێشەی چینایەتیداو هەتا ئێستا رزگارمان نەبووەو بەشێوەی وردو درشتو جۆراوجۆر هەموو کۆیلەی دەسـتـی مـرۆڤـی سەقەتین بەتایبەت سەرکردەکانی خۆمان، بۆیە چرایەکی نوێ پێویست بوو بۆ ئەم تاریکستانەی مەملەکەتی مێژووی خورافیاتو زوڵمی بە ئاشکرای دەسەڵاتی سەرمایەداری نەخوێندەوار لەجەورو ستەمی چینایەتیو کوشتنی رۆحە جوانەکانی کوردایەتیو ورەو نیشتمانپەروەریی.

چرایەکی نوێ.. هەناسەو بیرێکی نوێ.. تێڕوانینێکی زانستییانەی نوێ.. هەنگاوو کاری بەرهەڵستکارانەو شەونخوونی نوێیە بۆ ژیانو بەڕێوەچوونی مرۆڤی کورد کە بریتییە لە بڕکدانی هۆشو بیرە کۆنو نەخۆشەکانی چەرخی نایەکسانیو زوڵـمو ستەمی دەســەڵات لەلایەکو سیستمی بەڕێوەبردنی خێڵەکییانەی کۆنی کات بەسەرچوو لەلایەکی تر.

مـاوەیـەکـی زۆرە لـەم دەڤـەرەدا هەڵەو ناپاکیو دەستپیسیو نایەکسانی بەرامبەر مرۆڤی بێچارەی رەشورووتو برسی دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتەوە، چونکە دەسەڵات پیاوی نەخۆشی زۆر تێدایە هەروەها زۆربەی دەسەڵاتەکانی جـیـهـانو بـەتـایـبـەت خـۆرهــەڵاتـی نــاوەڕاســتو کـوردســتـان هـاوڕێـی سەرمایەدارو بازرگانو چینی سەرەوەی کۆمەڵگەن، لەهەمانکاتدا دروستکەری چینێکی تەمەڵو تەوەزەلی بێبەرهەمی مشەخۆرو ماستاوچیینو دژی هەژارانو نووسەرانو خەمخۆرانو رۆشنبیرانن کە بەم فۆرمو گروپە تەمەڵو تەوەزەلە لـە دنـیـای رۆشنفیکریدا شێوەیەکی زۆر قێزەونی دەســەڵاتــە کە خۆمانی پێدەشکێنین لەبەردەم رای جیهانو ئەو وڵاتانەی کەپێشتر سۆزێکیان لەگەڵ کورددا هەبووە.

مەبەست لە چرایەکی نوێ.. دەنگو رەنگو هۆشو بیرێکی نوێی شارستانیو نوێخوازییە بەرامبەر گەورەییو پیرۆزیی مـرۆڤـو نیشتمانو دوارۆژی نەوەی سبەینێو دووسبەییو ساڵێکو دەساڵی تریش، لـەوەش گرنگتر کاری باشە بۆ گـەڕانـەوەی هەست بەهاوڵاتیبوونی خەڵکە لەنیشتمانی خۆیدا، بۆئەوەی چیتر کارابێتو ئیشکەرو خزمەتی وڵات بکات نەک هەست بەجیاوازی خۆییو هەست بەبێگانەیی بکات لەنیشتمانی خۆیداو بڕواتو کۆچێکی ئەبەدی بکاتو وڵات بەجێبهێڵێتو رووبکاتە غوربەتو تەنهایی.

چرایەکی نـوێ.. هەنگاوو هەناسە جوانەکانی مرۆڤی هۆشمەندە کە دنیای کۆنەپەرەستیو کلتوری سەقەتی کۆنو بــڕوا خورافییەکانی ژیانی چـەوتو نارەحەتی مرۆڤ بەجێدەهێڵێتو گرنگیو گەورەییو خۆشەویستی دەدات بە تاکو عەقڵ لە کۆمەڵدا، چونکە تاکی هەموو کۆمەڵێک مرۆڤەو مرۆڤبوونیشی زۆر گرنگو گەورەترە لە دەســەڵاتو هۆزو سەرمایەداری مشەخۆری زەرەرمەند، بۆیە بیرمەندییو هۆشیاریی لە تاکی کۆمەڵدا خۆی لە خۆیدا سەرمایەیەکی گەورەیەو جێی رێزو پێزانینەو هەوێنی دروستبوونی خۆشەویستی خاکو خەڵکو وڵاتە. هەرکەسێک لە نیشتمانو لەسەر خاکی خۆی هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆی بکات، ئەو کەسەش زیاتر پابەند دەبێت بە ئەرکەکانی سەرشانیو خزمەتی وڵاتی خۆی دەکاتو ئەو کارەش بە بیرو هزری نوێو یەکسانی تاکەکانو دادپەروەریو ناجیاوازی دەکرێت. گرنگیدانیش بە کەسی شیاوو زانستو زانیاری لە مرۆڤدا لەباتی خزمخزمێنەو هۆزو تیرەو سەرمایەو هێز، زۆر باشترەو ئەنجامی گەلێک گرنگتری دەبێت بۆ وڵاتو پێشڤەچوونی ژیانی تاکو ئاستی بەرزی کۆمەڵگا. هەناسەو چرایەکی نوێ..ماڵێکە پڕ لەبەختەوەریو گەشبینی هیوای سبەینێو پێشکەوتنو ژیـانـی باشتر لـە ئـەمـڕۆی کلۆڵیو دواکـەوتـنو نایەکسانیو جیاوازییە ترسناکە گەورەکانە لە نێوان مرۆڤدا کە ئەوە بۆ خۆی کارەساتە، هەروەها پەیامی ئەم چراو نوێخوازییو بیرەنوێیە کارو بەرنامەی نوێیە لەسەر بنەمای رێزو خۆشەویستیو یەکتر قبوڵکردنە، نەک ترسو تۆقاندنو هەڕەشە لە خەڵکەوە بۆ خەڵک یان لە دەسەڵاتەوە بۆ خەڵک کە ئەنجامەکەی لەیەکنەگەیشتنو جەنگو ماڵوێرانیو دواکەوتنی لێدەکەوێتەوە.

ئەم ژیانە تاڵو جەنجاڵو نایەکسانییەی ئەمڕۆی ئێمە باشترین نمونەیە کە لەسایەی دەسەڵاتی سەرمایەداریی نەخوێندەواردا زەلیلو خراپ دەژین، بەڵام چەند خوارو خراپو نەخوێندەواربین لەبەرژەوەندیی ئەم جۆرە دەسەڵاتەیەو لەوەش ترسناکتر کە دەسەڵات راستەوخۆ لێی بەرپرسیارە ئەوەیە کە نەوەیەکی نوێی نەخوێندەوار بەڕێوەیە، چونکە زۆربەی خێزانی کورد لەهەژاریدا منداڵیان لەبازاڕدا کاردەکاتو قوتابخانە نـاکـاتو کەسیش بیر لەو کارەساتە جەرگبڕە ناکاتەوە، چونکە ئەو منداڵانە کە لە ئێستاوە فێری پارە دەبنو دوورن لەقوتابخانەو وانەی زانستییو پـەروەردەی کۆمەڵایەتی نوێ هەر ئەو منداڵانەن سبەینێ پیاوکوژو دزو مرۆڤی خراپ دەردەچنو کاردانەوەیەکی خراپیان دەبێت بۆسەر کۆمەڵگەکەمان.

(یۆستاین گـاردەر) دەڵـێـت: ئەگەر نەزانین دەمرین چێژی ژیان نازانین. ئێمەی کوردیش زۆر زەلیلانەو بندەستانە ژیـاویـنو هەمیشە تـامـەزرۆی ژیـان بووین، بۆیە حەز ناکەین بمرینو نەبینین نیشتمانمان ئـازادبـووە، بۆیە لەپێشدا دەبێت بجوڵێینو هەوڵدەینو بگۆڕێین بۆئەوەی بەئامانجی خۆمان بگەین، بۆیە دەروازەو چرایەکی نوێ.. پێنووسی نوێو خامەی نوێو کتێبی نوێو هزرو بیرو ئایدیای نوێی دەوێـتو هەوڵێکیشە بۆ دەربازبوون لە تایەفەگەریو خزمخزمێنەو تیرەوتیرەگەریو سڕینەوەی چەرخی کۆیلایەتیو ناساندنی سیستمی نوێی سیکۆلارو جیهانگیریو یەکسانی نێوان مرۆڤەکانو گرنگیدانیشە بە مافی منداڵو ئافرەتو دابینکردنی ژیانی مرۆڤە بە گشتی، چونکە پیرۆزترینو گەورەترین بوونەوەر لەسەر ئەم ئەستێرەیەدا مرۆڤە، بۆیە مرۆڤیش بێجگە لە بوونی نانو ئـازادی دەبێت کەرامەتیشی پارێزراو بێت کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی جاڕنامەی مافی مرۆڤە، هەربۆیە ئەو کارە باشانە بۆ مرۆڤ بەدەست بێت بە دەسەڵاتێکی دیموکراسی نوێخوازو کۆمەڵگایەکی هۆشیار دروستدەبێت. ئاساییە مرۆڤ لەبەر زەبرو زەنگی دەسەڵاتێکی تاکڕەوو کۆنەپەرست دوورە وڵاتــیو مەنفا هەڵبژێرێت، بەڵام کارەساتە مرۆڤ لە ناو نیشتمانی خۆیدا هەست بە غوربەتو تەنیایی بکات لە سایەی سیستمێکی چەوتی ئاوادا کە هەمانە لەکوردستانی باشووردا. لەم بارە ناسروشتییەدا ئەگەر مرۆڤ هەست بە هاوڵاتیبوونی خۆییشی نەکات ئەوا کارەساتێکی گەورەترەو ئەوە بەڵگەی ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە تاکڕەوەو سیستمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی هەڵەو نارێکەو ئەگەر خۆی نەگۆڕێت هۆشیاریو پاڵەپەستۆی میللەت دەیگۆڕێت یان لایدەبات، بەڵام من پێموایە ئەو پارتە سەرمایەدارە دواکەوتوانەی کوردستان هەرگیز ناگۆڕێن.

بەپێوانەکردنی ئەم هاوکێشەیەی سـەرەوە، زۆربـەی زۆری خەڵکی لە کـوردسـتـان هەست بـە نـامـۆیـیو بە نەبوونی هەستی هاوڵاتیبوونی خۆیان دەکەن. ئێوەی دەسەڵاتو میر (یەکێتیو پـارتـی) خۆتان بەجیاواز مـەزانـن لە خەڵکی هەژارو بندەستی کورد، چونکە هــەژاران بەخوێنی خۆیان ئێوەیان گەیاندووەتە ئـەوێو هەر هەژارانیش دەرگاو پەنجەرەی کۆشکەکانتان بۆ دێننە خــوارەوە، لەبەرئەوە دەبێت باوەڕتان بەدیموکراسی هەبێتو رێزی ئیرادەو دەنگی خەڵکی کوردستان بگرنو خۆتان دوور رابگرنو وازبێنن لەتەزویرو ناوی رەشو لیستی رەش با وەکو بەعستان لێ نەیەت، چونکە کوردستان موڵکی هەموانەو هەرگیز نابێتە موڵکی بەتەنیا بارزانی یان تاڵەبانی، ئەوەش بزانن سەردەمی پاشایەتی بۆ ئێوەو کۆیلایەتیش بۆ ئێمە بەسەرچووە. با دەسەڵات دڵنیابێت بوونی بەرهەڵستکاریش لەکوردستاندا بەقازانجی ئەوانە، چونکە خەڵکی پڕو بێزاربوو لێتان لەنایەکسانیو کێشەی چینایەتیو کۆبوونەوە نهێنییەکانی ژوورە تاریکو تنوکەکانتانو هەڵە گەورەکانتان، بۆیە ئەگەر ئەو نەفەسی گۆڕانو ئۆپۆزسیۆنە نەبوایە بارەکە زۆر خراپ دەتەقییەوە بـەدەمـوچـاوتـانـداو کـۆشـکو تـەلارە فیرعەونییەکانتان دەڕمێنران بەسەرتانداو نەک ئێوە، بەڵکو هەموومان زەرەرمەند دەبـوویـن، چونکە ئـەوەش بزانن ئێوە تەنیا سەیری بەرپێی خۆتان دەکـەن، بەڵام دوژمنانی کورد وەکو گەلەگورگ سەیرمان دەکەنو چاوەڕێی ئەوەن کە کەوتین پەلامارمان بـدەن. دەبـا گوێ لەیەکتر بگرینو پشتوپەنای یەکتربین، بەسە ئیتر چـاولـێـکـەری دوژمـنـانو لاساییکردنەوەی بەعسو باهەموومان بڕوامان بەدیموکراسی هەبێت لەناو هەموو دامەزراوەکانی وڵاتدا. هەناسەو چرایەکی نوێ مەبەست لە هەنگاوی مرۆڤی مەزنە کە خۆی بچووک دەکاتەوە لەپێناو بەرژەوەندیی میللەتەکەیو دەبێتە بەربەستو بەرهەڵستکارێکی راستەقینەو یاسایی بۆ بەرگری لەهەموو مافەکانی گـەورەو بچوکی نیشتمانو نەتەوەیەکی چەوساوە، بۆیە ئەو کەسەی خۆی بەختبکاتو ببێتە روناککەرەوەی بەرپێی نەتەوەکەی خـۆیو وەکـو مرۆڤێکی کۆڵنەدەرو رزگـارکـەر هیواو ئاواتی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بێت، هەربۆیە زۆر بەخۆشحاڵییەوە ئەو دەرگاو دەروازەیە دوای (١٨)ساڵ چاوەڕوانی کرایەوەو روویدا.

پێمخۆشە تێبینییەکی بچووک بدەم کە مرۆڤ لەسەر حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی یان رامیاری کۆمەڵگاکەی لێکۆڵینەوەو شیکاریو نووسینی کرد، ناکاتە ئەوەی خۆی لەو بەرەیەدا تواندووەتەوە یان ئەندامی ئەو بەرەیە بێت، هونەرمەندو نـووسـەرە ڕاستەقینەکانی جیهان هەموو لەو بەرەیەدان کە کۆمەڵیان بۆ دەگۆڕێتو بۆ رزگار دەکات. نووسەری دڵسۆزو راستەقینەی هەر میللەتێک خەمخۆری راستەقینەی خەڵکەو بەتایبەت چینی پڕۆلیتاری بەشمەینەتی وڵاتـەکـەیو ئـەو نـووسـەرەش لە سەرکردەو دامودەزگاو میرییو پارتە رامیارییەکانی نیشتمان گەلێک مەزنترە. هۆنەرو نووسەرانی هەر میللەتێک پەیامبەرو خەمخۆرن، لەهەمانکاتدا زۆرن کە بەشانو باڵی سەرکردەو پارتو پیاوانی وڵاتیان هەڵداوە، بەڵام زۆری پێ نەچووە پەشیمانبوونەتەوە، چونکە هـەم نووسەر وەکـو مرۆڤ لەگۆڕاندایەو هـەم سەرکردەکەش دەگۆڕێت، بەڵام هەڵبەت ئەو دووانە دوو شتی جیاوازن، چونکە نووسەرەکە دەگۆڕرێت بەرەو رۆشنبیری زیاترو باشتر، بۆیە پەشیمان دەبێتەوە، هەروەها سەرکردەکەش دەگۆڕێت بەرەو خراپتر لەحاڵەتی گۆڕاندا. من بـاوەڕم بەوە نییە کە گۆڕان هات هەموو شتەکان دەگۆڕرێتو بەپێچەوانەوە ئەو کات بیر لەوە دەکەیتەوە دەستپێبکەیت، دەتوانین بڵێین کە گۆڕان دەستپێکرد رێژەیی دەبێت نەک هەموویی (کلی)، چونکە ئەوانەی لەدەسەڵاتنو مشەخۆرانی دەوری دەسەڵاتیش زۆر زەحمەتە تێگەیشتنی بیری لیبراڵ دیموکراسیو هزری گـۆڕان میوانیان بێت، چونکە ئەو شەپۆلی گۆڕینە لەبەرژەوەندیی ماکی (مـادی) تاکەکەسییان دەدات ئەگەر وانییە لەو هەموو ماوە زۆرەی دەســەڵاتـدا کە بەدەستیانەوە بووە نەگۆڕاون چۆن بۆ ماوەیەکی کورت دەگۆڕدرێن؟٠

ئاخر خۆ ئەمە کـراس گۆڕینو خانوو گۆڕین نییە تا هەموو پارەدارێک بـتـوانـێـت بـەئـاسـانـی بـیـگـۆڕێـتو بیکات! گـۆڕانـی سـەرتـاسـەری لە وڵاتــدا سـەرهـەڵـدانو شەونخونی هەموولایەکی دەوێت. بەکورتی گۆڕان خۆرۆشنبیرکردنو گۆڕینی عەقڵی خێڵەکییانەو کۆنەپەرەستییانەی دەوێت، بۆیە ئەم گۆڕانە پڕۆژەیەکی شێوەیی یان چاولێکەریی نییە، بەڵکو ناوەکیو ناخییو شکاندنی فۆرمو سیستمێکە بۆیە ئەم کارو پڕۆژەیە مرۆڤی کامڵو تەندروستی دەوێت بە گۆڕینی عەقڵییەتی دواکەوتوانەی کۆن بۆ بیری نوێخوازیو مەدەنییەتو سیکۆلاریزم، هەروەها بە گۆڕینی مرۆڤە مشەخۆرەکانی دەوری دەســەڵات دەبـێـت بە مرۆڤی کـاراو بەتواناو ئیشکەرو تەندروست، بۆیە لەهەموو کاتو شوێنێکدا کە مرۆڤی تێدا ژیا گۆڕان پێویستییەکی مێژووییە، چونکە بەبێ گۆڕان وشەی مرۆڤبوونمان لێدەسەنرێتەوە.

Hamid773@hotmail.com

> ئەم شەپۆلی گۆڕینو هەڵبوونە ئایدیای مرۆڤی هۆشیارو بەئاگای سەردەمی نوێیە، بۆئەوەی چیتر لەبەرچاوی جیهاندا ناشرین دیار نەبین، بەڵام هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە جیاوازی نێوان چەمکی گۆڕانو پرۆسەی گۆڕان نەزانین، چونکە چەمکی گۆڕان کارە تیۆریو باسکردنەکەیەتی بەشێوەی دەمیی (شفوی)، بەڵام پرۆسەی گۆڕان کاری پراکتیکیو چوونە ناوەوەی گۆڕانە بەتەواوی، بەڵام دەستپێکردنە نەک تەواوبوون، چونکە گۆڕانو سیستمی لیبراڵ دیموکراسی هەروا ئاسان نییە بۆ کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لەفیکردا

# چرایـ

حەمید عەزیز

پێویستییەکی مێژوویی بوو کە کەسێک بێتو بەری ئەو هەموو نایەکسانیو نادادپەروەرییو دەستپیسییە بگرێت لەکوردستاندا (١٩٩١-٢٠٠٩)، بۆیە چرایەکی نوێ لەم تاریکستانی ویژدانو عەقڵەدا پێویست بوو.

ئەم شەپۆلو خەباتی گۆڕانو چراهەڵبوونەماڵی مرۆڤی زرنگو رۆشنبیرانی ئەمرۆیە، یان بیرو ئایدیای مرۆڤی خەباتگێڕو هۆشیارو بەئاگای سەردەمی دوێنێو پێرێیە؟ بە واتایەکی تر هەوڵو تێکۆشانو ئاواتی پێشمەرگەی دێرینو کوڕانی باووبۆرانیش نییە لەشوێنو کاتێکی تردا؟ کە سەرکردەو ملۆزمێکی کورد نەیهێشت بەری ئەو هەموو خوێنو ماندوبوونە بدورنەوەو گۆڕانی یەکجارەکی دروست بکەن لەدوێنێی نزیکدا، ئێمەش تووشی ماڵوێرانی شەڕی ناوخۆ نەدەبووینو نیشتمانیشمان تالان نەدەکرا.

لە راستیدا هیچ بزووتنەوەو پارتو رێکخراوێک لەجیهاندا ناتوانێت گۆڕانێک چ گۆڕانی شێوەیی یان ناوەکی بەدوو مانگو سێ مانگ بەو هەموو دەنگو سەرکەوتنەوە دروست بکات تەنیا لیستی گۆڕان نەبێت. کارێکی تری گرنگی سەرکەوتنی گۆڕان لە گۆڕانو گروپەکەیدا تەنیا هەر خۆیان نەبوون، بەڵکو چەوتیو نادادپەروەرییو نایەکسانیی دەسەڵاتی کوردی بەرێژەیەکی باش گۆڕانی سەرخست کە پەنجەرەیەکی باشو هەواکێشێکی باش بوو بۆ خەڵکی کوردستان.

### بەبێ بوونی خراپە چۆن دەتوانین باشە بدۆزینەوە

بەو هاوکێشە سادەیە، دەتوانین بڵێین بە ئاستێکی باش مشەخۆرانو ناپاکان گۆڕانیان پێکردین، بەبێ ئەوان پێویستمان نەبوو، چونکە میللەتێک خۆی ئازادو باشو پێشکەوتووبێت خەباتو ماندوبوونو گۆڕینی ناوێت. بۆنمونە: کۆمەڵگەیەک خۆی بەرەوشت بێت ئایینی ناوێت، چونکە ئایین کاتێک لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤ هاتە خوارەوە بۆ چاکسازی بوو، چونکە مرۆڤی ئەو سەردەمەو لەسەدەی پێنجەمدا بەتایبەت کۆمەڵگای عەرەبی زۆر دواکەوتوبوونو تەنانەت پێش هاتنی ئیسلام کچانی خۆیان زیندەبەچاڵکردووە.

چیرۆکنووسی گەورەی روسیا «لیۆن تۆلستۆی» دەڵێت: هەمووومان هەوڵدەدەین ژیان بگۆڕین، بەڵام بیر لەوەناکەینەوە خۆمان بگۆڕین.

پێویستە خۆمان بگۆڕین، بۆئەوەی لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێو بیرو کاری نوێدا بگونجێین، بۆئەوەی ئەو هەموو کارەساتەی لە مردنی مرۆڤەکان کەم بکەینەوە کە لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئۆتۆمۆبێلو تەلەفۆنی مۆبایلدا کردوومانە، چونکە ئەگەر ئاستی گۆڕانمان لە ئاستی تەکنەلۆژیای ئەمرۆ بوایە دەمانزانی بخوێنینەوەو تێبگەینو پێبگەین یان بەلایەنی کەمەوە وەکو (لینین) دەڵێت: پێویستە مرۆڤ لە رۆژێکدا رۆژنامەیەک بخوێنێتەوە. پرۆسەی گۆڕانو نوێبوونەوە هەروا سادەو سانا نییەو لە راستیدا گۆڕانی بنەرەتی دەبێت گۆڕانی ناوەکی بێتو بگوێزرێتەوە بۆ گۆڕینی ناو دەسەڵاتو



گۆڕینی شێوەی بەمەدەنیکردنی خەڵکو دەرخستنی وێنەی شارستانیبوونی ئادەمیزاد بەشێوازی سەردەمییانەو شێوەی نیشتمانی هەمووومان بەجادەو ماڵی ئەو گۆڕانخوازانەوە کە وێنای عەقڵو فەلسەفەی جیاوازیی بەرەو چاکترو گۆڕان لەناخو بیری مرۆڤدا دروست دەکەن، نەک تەنیا شەڕە وشەو دەنگەدەنگو کێبڕکێ بێت، چونکە بیرمان نەچێت چەند جارێکی تریش دەنگمان خستەپاڵ گۆڕانەکانی تریش کەچی لەجیاتی پاداشتمان بدەنەوە بەپێچەوانەوەی خواستی ئێمە هەردوو پارتەکە یەکیانگرت بۆ شاردنەوەی نهێنییەکانی نێوانیانو دژ بەئێمەو بەبەرژەوەندیی ئێمە.

ئەم چراو شەماڵی بەڕێوەبوونو هاتنەی گۆڕان تەنیا موڵکی یەک کەس نییە کە بێ وچانو بێبەرامبەر کاری کردووە لەپێناوی نانو ئازادیی بۆ نەتەوەیەکی بندەستی چەوساوە کە دووجار ماڵوێرانو چەوساوەیە:

**یەکەم/** چەوساندنەوەی نەتەوەییو کوشتنو فەوتانی مرۆڤی کوردە کە زیاتر لەیەک سەدە بەدەستی دووژمنانی دەرەکی کە دەسەڵاتەکانی عەرەبو تورکو فارس دەگرێتەوە (١٩١٢-٢٠٠٩).

**دووەم/** چەوساندنەوەی چینایەتی بەدەستی دەسەڵاتی ناوخۆی کوردی لە کوردستانی باشووردا بۆماوەی (١٨)ساڵ (١٩٩١- ٢٠٠٩).

ئەم بەرخودانو ماندوبوونەی چینوتوێژی خەمخۆرانو رۆشنبیرانو هەژاران کە زیاتر گەنجانی بێ هیواو بێکارو کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالو کیمیاباران دەگرێتەوە لە دژی ناڕاستییو نادادپەروەرییو نادروستیی سامان کۆکردنەوە کە دەسەڵاتی کوردی هەیەتی، ئەمە خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی مەزنو گۆڕانی بیروباوەڕە لە تەمەنی تەنکیو فەوتانەوە بۆ پتەوییو ژیانو بەردەوامبوونو کاری باشو تۆکمەیە بۆ گەڕاندنەوەی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوو لابردنی کەسایەتیی نزمو بێئەزموون بەپێی یاسا بەمرۆڤی کاراو لێهاتوو لەسەر بنەمای بیرو هزری نوێو ماندوبوونو خاوەن بڕوانامەو لێهاتوویيو دەستپاکیو بەرەوپێشچوون، بۆئەوەی چیتر لەبەرچاوی جیهاندا خێڵەکیو ناشرینو کۆنەپەرستو دوواکەوتوو دیار نەبین.

ئەو شۆفێری گۆڕانو هەناسەی نوێیە دەبێت لەگەڵ وتەو گفتەکانی ئەمرۆی خۆیدا راستگۆبێت لەپێش ئێمەوە گۆڕان لەخۆیدا بکات، دەنا سبەینێ مێژوویەکی ترو سەرهەڵدانێکی تر بڕکی دەداتە ناو زبڵدانی مێژوویەکی رەشو نەفرەتلێکراو وەک چۆن ئێستا دەسەڵاتی کوردی بەرەو ئەو زبڵدانە دەچێت.

ئەم چرایە دەبێت دژی ئەو فۆرمی موڵکدارێتییەبێت کە هەموو سامانی وڵاتی قۆرغکردووە بۆ خۆیو ناهاوسەنگییەکی گەورەی دروستکردووە لە نێوان ژیانو بوونی مرۆڤەکان لەم دەڤەرە وێرانەدا، بۆیە ئەم چرایە دەبێت دژ بەعەقڵییەتی کۆنی بۆرژوای مۆدێلی سەرمایەداری سەدەکانی ناوەڕاستو خورافە بێتو بەربەرەکانێی زوڵمو ستەمی داگیرکردنی هەستی ئادەمیزاد بێتو روناکیو نوێبوونەوە بێت بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆمەڵگەی ناهۆشیار کە دیلی دەستی دێوەزمەو شەولەبانی بیری چاخی بەردینو سەردەمەکانی بتپەرستیو کەسپەرستیو تاکڕەویو کۆیلایەتییە.

ئەوەی چراو مۆم هەڵدەکاتو روناکیی بەرچاوی میللەتەکەیەتیو ژیانو بەختەوەری دروستدەکاتو دەمرێت لەپێناوی خاکو خەڵکو نیشتماندا، ئەوە مرۆڤێکی راستەقینەی نیشتمانو نەتەوەپەرستو شۆڕشگێڕە، بۆیە پێویستە ئەو کەسەی دەبێتە پێشەنگی گۆڕان متمانەی خۆی لەلای خەڵکی کەمنەکاتەوە تا ببێتە سومبولێکی تاهەتایی مێژووی نەتەوەکەی.

لەناو ئەم تەنزو لیستو گروپە بەرهەڵستکارە خوێنگەرمانەدا سەرتۆپکی مرۆڤایەتیو خۆبەختیو لێبووردەییو یاساو مەدەنییەت دەبینیت. پێویستییەکی مێژوویی بوو کە فریادڕەسێک بێتو بەری ئەو هەموو نایەکسانیو نادادپەروەرییو دەستپیسییە بگرێت لەکوردستاندا (١٩٩١-٢٠٠٩)، بۆیە چرایەکی نوێ لەم تاریکستانی ویژدانو عەقڵەدا پێویست بوو.

ئەو دەستەی باری ناهەمواری گەلەکەی چاکدەکاتو پاکسازیو چاکسازی دەخوڵقێنێت لەپێناوی سەربڵندی گەلو نیشتمانەکەیو باری کۆمەڵایەتیو رامیاریو ماکی (مادیی) میللەتەکەی چاکو ساڕێژ دەکات ئەوە نەک چرایەکی نوێیە، بەڵکو پەیامبەرێکی دەستپاکو مرۆڤێکی گەورەیە کە لە ویژدانماندا جێگەی خۆی دەکاتەوە هەتا هەتایە دەژی.

هەناسەو چرایەکی نوێ واتە بیرو هزری نوێی سەردەمییانەو رەفتاری مرۆڤانەی جیهانی نوێیە لەپێناو رووناکیو گۆڕانێکی نوێ بۆ ئادەمیزادی ئەمرۆی ئەم سەدە پێشکەوتووە کە وانەیەکی تەندروستو باش دەبەخشێت بەمرۆڤایەتیو ژیان، هەروەها بەبیرو بەرنامەی مرۆڤی مەدەنیو نوێخوازو دەستەبەرو پەیداکەرو راگری یاسای کۆمەڵایەتیو رامیاریو ئابوری نوێ دەبێت لەپێناوی ئاڵوگۆڕکردنی سەردەمی رەشو نەزانینو تورەبوونو ناپاکیو مافخواردنو ماڵخواردن بۆ سەردەمی سپی نوێی مرۆڤدۆستیو دەستپاکیو مرۆڤویستیی ئاستی جیهانی گلۆبالیزمو مۆدێلی نوێی سەردەمو بەرنامەی دارێژراوی دەستورییو پەرلەمانی بۆ مافی منداڵو ئافرەتو پیاوو مرۆڤی پەککەوتەو پاراستنی ژینگەو ئاژەڵو. . هتد.

گۆڕانکاری سەرەکی دەبێت لەبواری پەروەردەدا بێت، چونکە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوومان هەیە لەچاو گۆڕانکارییەکانی جیهانو ئاستی تەکنەلۆژیای نوێو وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازییدا. لەبەرئەوەی ئەرکی دایکایەتی لەگۆڕاندا زۆر گرنگە، بۆیە دەبێت ئافرەتی کورد خوێندەواربێتو بخوێنێتەوە، چونکە ئەو دایکە یەکەم قوتابخانەی پەروەردەیی نوێیە بۆ نەوەی داهاتوو. کارێکی تری گرنگ لەپرۆسەی گۆڕاندا لابردنو نەهێشتنی کلتوری سەقەتی کۆنی کوردەواریو ئەو فۆرمیلەو خورافە کۆنەیە کە هەردەم بەرەو دواوەی بردووینو هەندێکی هەرجێگەی شەرمەو لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت بۆنمونە: خێزان دروستکردن بەشێوازی جۆراوجۆر کە دورە لەخۆشەویستیو سۆزی مرۆییەوە، وەکو گەورە بەبچوکو ژنبەژنو ئافرەت لەبری خوێنو. . هتد.

سوودی دواکەوتنو پێشکەوتنیش لەگۆڕاندا لەنێوان بەرژەوەندیی دەسەڵاتو خەڵکدایە، ئەگەر خەڵکی پێشکەوتووبێت لەزەرەری دەسەڵاتەو ئەگەر دواکەوتووبێت لەبەرژەوەندیی دەسەڵاتە، چونکە هەموو حکومەتەکانی کە تاکڕەوو کۆنەپەرستن خۆیان هەوڵدەدەن فۆرمی کلتورە کۆنەکەو نەخوێندەواریو هزری خورافەو دەورانی ئاغاو شێخو مەلاو سۆفی دروست بکەنەوە.

کارێکی تری شەپۆلی گۆڕان کە پێویستە بیکات، نەهێشتنی سیستمی کۆنی رابەرو سەرۆکە کە لەکۆنیدا بۆنی دێتو شێوازێکی هێند قێزەونو نامەدەنییانەیە تەنیا وڵاتانی جیهانی سێو دواکەوتووەکان هەیانە کە شێوازێکی دیکتاتۆرییانەی تاکڕەوانەی تۆتالیتارییانەی ماوەبەسەرچووی شەرمنی تاسەرئێسقان خراپە.

چرایەکی نوێ مۆمێکی داگیرساوو رەنگو رووناکیو بینینو بیستنی نوێیە، بۆیە ئەم هاوکێشەو چراو رووناکیو گۆڕانە هزری مرۆڤی هۆشمەندە دەسوتێت لەپێناو گۆڕینی ژیانی وەستاوی چەقبەستووی گەلێک لەدەستی زوڵمی سەرمایەداری نەخوێندەوارو ناحاڵی لەخۆرهەڵاتی ناویندا کە نازانێت واتای دەسەڵاتو مافو ژیان چییە (ئاخر کارەساتە دەسەڵاتێک نەزانێت واتای دەسەڵات چییە؟)، بۆیەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستو بەتایبەت کوردستان وەکو وڵاتێکی ئاوا دێتە هەژماردنو هیوایەکی نوێی بۆ هەڵبووە کە دەتوانێت لە بناغەوە بیگۆڕێتو بیباتە ئاست وڵاتانی رووسووری پێشکەوتووی جیهان بەتایبەت رۆژئاوا کە مافو یەکسانیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو تەنانەت مافی ئاژەڵانیشی تێدا پارێزراوەو هەموو حەزو ئارەزووەکانی ئادەمیزادیش هەتا رێژەیەکی بەرز تێیدا بەرجەستەیەو لەهەموو بوارە مرۆییەکانی تریشەوە کاملو تەواوە، بۆیە مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانە هەست بەکەمیو لاوازیی هاوڵاتیبوونیی خۆیان ناکەنو دڵنیان لەمسۆگەریی نانو ئازادیی خۆیان، بۆیە زۆرجار لەهەڵبژاردنەکاندا بەشداری ناکەن، چونکە دڵنیان لەوەی هەرپارتێک بێتە سەر دەسەڵات لەو یاساو دەستوورە لانادات کە مافی هاوڵاتی تێدا پارێزراوە، بەڵام ئەگەر خەڵکی هەستیانکرد پارتێک یان لیستێک یان رێکخراوێک لە هەڵبژاردندا توندڕەوە یان بەرەو تاکڕەوی دەچێت ئەوا زۆربەی زۆری خەڵک دەچن بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی ئەو پارتە دەرنەچێت کە خەریکە لادەدات لە هێڵی مافو ئەرکی هاوڵاتییان، بۆ نمونە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٢)لە وڵاتی فەرەنسا کابرایەکی وەک (جان ماری لۆپان) Jean-Marie Le Pen سەرۆکو دامەزرێنەری پارتی بەرەی نیشتمانیو

سیاسییەکی تۆزێک توندڕەوبوو زۆرینەی خەڵکانی فەرەنسا بەشداری هەڵبژاردنیان کردو نەیانهێشت جان ماری دەرچێتو زۆربەی دەنگەکان بۆ (جاک شیراک) بوو.

بەهەمانشێوە بەشداری خەڵکێکی زۆر لە دەنگدەران لە وڵاتی ئیسرائیل بۆ (ئارئێل شارۆن) کە لەساڵی (٢٠٠١)دا رێژەیەکی بەرزی دەنگی خەڵکی ئیسرائیلی بەدەستهێناو سەرەک وەزیرانی ئەو وڵاتەبوو لەماوەی (٢٠٠١/٣/٧-٢٠٠٦/٤/١٤)، بەڵام ماوەیەکی زۆرە ئەم پیاوە نەخۆشەو تووشی بێهۆشی (غیبوبە)

بەبیرو بەرنامەی مرۆڤی مەدەنیو نوێخوازو دەستەبەرو پەیداکەرو راگری یاسای کۆمەڵایەتیو رامیاریو ئابوری نوێ دەبێت لەپێناوی ئاڵوگۆڕکردنی سەردەمی رەشو نەزانینو تورەبوونو ناپاکیو مافخواردنو ماڵخواردن بۆ سەردەمی سپی نوێی مرۆڤدۆستیو دەستپاکیو مرۆڤویستیی ئاستی جیهانی گلۆبالیزمو مۆدێلی نوێی سەردەمو بەرنامەی دارێژراوی دەستورییو پەرلەمانی بۆ مافی منداڵو ئافرەتو پیاوو مرۆڤی پەککەوتەو پاراستنی ژینگەو ئاژەڵو. . هتد

ئەمە خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی مەزنو گۆڕانی بیروباوەڕە لە تەمەنی تەنکیو فەوتانەوە بۆ پتەوییو ژیانو بەردەوامبوونو کاری باشو تۆکمەیە بۆ گەڕاندنەوەی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاوو لابردنی کەسایەتیی نزمو بێئەزموون بەپێی یاسا بەمرۆڤی کاراو لێهاتوو لەسەر بنەمای بیرو هزری نوێو ماندوبوونو خاوەن بڕوانامەو لێهاتوویيو دەستپاکیو بەرەوپێشچوون، بۆئەوەی چیتر لەبەرچاوی جیهاندا خێڵەکیو ناشرینو کۆنەپەرستو دوواکەوتوو دیار نەبین




**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٥٨ – R٤
پرۆژە: نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی (بێستان سوری گەورە + گەیلانی + عەربەتی کۆن) لە عەربەت + مزگەوتی شێخ مارفی نێرگزەجار لە هەڵەبجەی تازە.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**پارێزگای سلێمانی**

کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٣٩ – R١
پرۆژە: لێدانی بیرو دابینکردنی غەتاس و مولیدە بۆ گوندی سۆڵەی شێخ قادر لە قەرەداغ (دووبارە ١).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٥ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٦ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

**عمر احمد امین**
**پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە/ ٢٩/ج/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٢٤
سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی کرکوک لە سلێمانی

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو مسعود شیرزاد حیدەری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٨) لە یاسای (جوازات) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (قورەتو/ خانقین) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**سەرۆکی دادگا/ اکرم فرج امین**

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ١٧٢٠/ج/٢٠٠٩
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٨/٩
دادگای کەتن / ٢

**«ئاگاداری»**

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو حکیم حسین مهنا عطیة
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/٢١) لە یاسای (هاتووچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی ( - ) وە لەبەر ئەوە جێگەی دیاری کراوت نییە بڕیارماندا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بە بێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

**دادوەر/ گەشاو محمد امین**

---

کۆمپانیای هەژیر — ژمارە/ ١٧
بۆ دروست کردنی شیرینی/ سنوردار — بەروار/ ٢٠٠٩/٨/٢٤

**بابەت/ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری**

ئاگاداری سەرجەم ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە قەرزاری کۆمپانیای هەژیرن یان کۆمپانیا قەرزارییانە با لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا سەردانی کۆمپانیا یان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکەن لە سلێمانی یان پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکەن (٠٧٧٠١٥٦٣٠٠٩) چونکە کۆمپانیا بە بڕیاری ژمارە (٣٢٥١) لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٤ هەڵوەشاوەتەوە.

**پارێزەر لاوەند فریدوون احمد**
**پاکتاوکاری کۆمپانیای هەژیر**

---

## ونبوون

سێ پێناس و فۆرمێکی خۆراک ونبووە بەناوی (نەسرەدین باقر عەبدول).
پێناسەکان ئەمانەن: پێناسی وەزارەتی تەندروستی، پێناسی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی، پێناسی یەکگرتووی ئیسلامی.
هەرکەس دۆزییەوە پەیوەندی بکات بەم ژمارە تەلەفۆنەوە ٠٧٧٠١٩٤٧٤٩٢

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# پارتی رامیاریی لە نێوان ئایدیۆلۆژیای سیاسیی‌و بەرنامەکانی هەڵبژاردندا

مەنسور مەندەلاوی

پرۆسەی سیاسیی بەڕێوەبردنی وڵات لە سیستمە دیموکراتییەکاندا بەبێ پارتە رامیارییەکان بەڕێوە ناچێت، چونکە کۆمەڵگە ئەم پارتانە بەکاردێنێ بۆ رێکخستنی تاکەکان‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئەو ئایدیۆلۆژیاو بەرنامە سیاسییانەی، کە بروایان پێیەتی بۆ پێشخستنی وڵات، پارتە رامیارییەکان سەرجەم چالاکییەکانیان ئاراستەی ململانێی سیاسیی دەکەن‌و ئەم ململانێیەش بواری گونجاو دەرەخسێنێت لەبەردەم تاکەکان‌و توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ هەڵبژاردنی حیزبێک یان چەند حیزبێکی خاوەن بەرنامەی لەبار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

لەو رووەوە پارتەکان بە گشتیی ئایدیۆلۆژیاو بەرنامەکانیان دەکەنە مانشێت‌و سەردێری پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن بۆ راکێشانی دەنگدەران بۆ لای لیستەکانی خۆیان.

لە ململانێ‌و کێشمەکێشی هەڵبژاردنەکان بۆمان دەردەکەوێت؛ کە پارتەکان هۆی گەشەکردنی ئایدیۆلۆژیا بەگژداچوونەکان‌و بەرنامە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردنیش ئەنجامی سروشتی ئەو ململانێ رامیاریی‌و بەگژداچوونەوەیەن، جگە لە ململانێی ئایدیۆلۆژیاو بەرنامەکانی پارتە رامیارییەکان بۆ مەبەستی کۆنترۆلکردنی دەسەڵات هەڵدەستن بە ئامادەکردنی کادیری سیاسیی‌و ئیداریی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت، لەم رووەوە پارتە رامیارییەکان رۆڵی خوێندنگەو پەیمانگەی سیاسیی‌و ئیدارەی گشتیی دەبینن‌و لەرێگەی ئایدیۆلۆژیاکانیانەوە گیانی نیشتمانپەروەریی‌و فیداکاریی لەپێناو رزگاریی‌و پێشکەوتنی گەل‌و نیشتمان لەنێو دڵ‌و دەروونی هاوڵاتییان دەچێنن.

بەڵام هەندێ جاریش لە سێبەری تاکڕەویی حیزبایەتی، حیزبی تاکڕەو دەبێتە هۆی زەوتکردنی ئازادیی‌و مافەکانی مرۆڤ‌و سەپاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی‌و بەفیڕۆدانی داهات‌و توانای مرۆیی دەوڵەت لەپێناو ئاراستەکردنی ئەم داهات‌و توانایە بۆ سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیای حیزبی تاکڕەو بەرێگەی سەرکوتکردنی هاوڵاتییان‌و ململانێی نێودەوڵەتی نەزۆک، هەروەک حیزبە کۆمۆنیستەکانی بلۆکی سۆشیالیست لە سێبەری ململانێی جەنگی سارد، هەروەها حیزبە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانی جیهانی سێیەم هەمان رۆڵیان بینی لە هەمان قۆناغی مێژوویی سیاسیی وڵاتانی ئەم جیهانە دواکەوتووە.

سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای حیزبی تاکڕەوو دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە زەبری هێزی دەوڵەت، نەک بە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوەو سەرکوتکردنی هاوڵاتییان‌و زەوتکردنی ئازادیی‌و مافەکانی مرۆڤ، لە فەلسەفەی جەبریی‌و زامنکردنی (تاعەتی) هاوڵاتیان بە زەبری هێز سەرچاوەی گرتووە، ئەم فەلسەفەیە لە بنەڕەتدا فەلسەفەیەکی ئایینی ئیسلامیی سەردەمی ئەمەوییەکانەو بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیی سەرجەم گەلانی خۆرهەڵاتی گرتووەتەوەو بەرێگەی داگیرکردنی دەوڵەتی عوسمانی چەند ناوچەیەک لە کیشوەری ئەورووپا ئەم فەلسەفەیە گەیشتە ئەو ناوچانەش، (بەداخەوە) ئەم فەلسەفەیە بەرپرسیارێتی مرۆڤ رەتدەکاتەوەو هەموو کارەساتە چارەنووسسازەکان، کە مرۆڤ تووشی دەبێت دەگەڕێنێتەوە بۆ خواو قەزاو قەدەر، بۆ ئەوەی مرۆڤ دەستەوەستان بووەستێت لە بەردەم ئەو رووداوانەو هیچ هەوڵنەدات چارەنووسی خۆی بگۆڕێت، ئەم فەلسەفەیە توانای عەقڵ‌و بیرکردنەوەو ئیرادەی مرۆڤ ئیفلیج دەکات‌و ئازادی مرۆڤ بەگشتیی زەوتدەکات‌و بەرپرسیارێتی مرۆڤ لە ئەنجامدانی کارو بەدەستهێنانی دەستکەوت رەتدەکاتەوە.

ئازادیی عەقڵ‌و بیرکردنەوەو ئیرادە مەرجی پێشوەختی دروستبوونی بەرپرسیارێتییە لەبەردەم یاساو خواو کۆمەڵگەو خودی ویژدانی مرۆڤ سەرجەم زانایانی کۆمەڵناسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەرپرسیارێتی سەرچاوەی سەرەکی ئەخلاقە، ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی بەرپرس بونیاد بنێین پێویستە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ئازادو سەربەست بن لە بیرکردنەوەو دەربڕینی بیروبۆچوون‌و ئازادییش سەرچاوەی بەکارهێنانی ئیرادەیە بۆ گەیاندنی کارە سوودبەخشەکان بە ئەنجام.

ئازادیی پێناسە دەکرێت بە کارێکی ئازاد، هەڵقوڵاوی ئەقڵ‌و ئیرادەیەکی هۆشیار بە ئەنجامی ئەو کارەو ئاراستەکراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بۆیە ئازادیی بنەمای ئەخلاق‌و بنەمای بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەیەو مرۆڤ رووبەڕووی هەڵبژاردنە چارەنووسسازەکان دەکاتەوەو سەرچاوەی بەخشینی توانایە بە مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان‌و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی.

بۆیە ئەو حیزبانەی تاکڕەویی دەسەڵات بەکاردێنن‌و مافو ئازادییەکانی مرۆڤ زەوت دەکەن، بە دڵنیاییەوە ئەو حیزبانە لەلایەن کەسانی بەدکردارەوە سەرکردایەتی دەکرێن‌و بە رێگەی زەوتکردنی ئازادی‌و ئیرادەی مرۆڤەوە دەیانەوێت بەدکاریی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگە بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگەیەننە ئاستی بەدکاریی خۆیان.

ئەو خاڵانەی باسمکرد لایەنی دەرخستەی سلبیاتی ئایدیۆلۆژیایە، بەڵام ئایدیۆلۆژیا لایەنی ئیجابیی خۆی هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، هەرچەندە کەسانی بەدکردار ئەم لایەنە ئیجابییەیان شێواندووە لەژێر چەتری تاکڕەویی حیزبیدا، ئایدیۆلۆژیا، بە شێوەیەکی گشتیی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی فەلسەفی – زانستییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەیەک یان چەند کۆمەڵگەیەکی هاوکێشە، لەلایەن کەسێک یان چەند کەسێکی هاوبیرو بۆچوون دادەنرێت، رووداوە مێژووییەکانی پێش یان هاوچەرخی خۆیان دەبنە سەرچاوە بۆ شیکردنەوەی هۆیەکانی کێشەکان‌و دانانی چارەسەری گونجاو بۆیان ، وەک فەلسەفەی مارکسی، کە مارکس‌و ئەنجلز دایاننا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، بوو بە ئایدیۆلۆژیای حیزبە کۆمۆنیستەکانی بلۆکی سۆشیالیست‌و وڵاتانی دیکەیشی گرتەوە.

ئایدیۆلۆژیای مارکسیی بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧) لە روسیاو ململانێی ئایدیۆلۆژیی‌و چەکداریی نێوان دەوڵەتانی بلۆکی سۆشیالیست‌و دەوڵەتانی ئۆردوگای سەرمایەداریی خۆرئاوا.

ئەم ململانێ گەورەیە بووە هۆی پێشکەوتنی پیشەسازیی یەکێتی سۆڤیەت‌و پەڕینەوەی روسیا لە دەوڵەتێکی کشتوکاڵی‌و دواکەوتووەوە بۆ دەوڵەتێکی پێشکەوتوو دووەم زلهێزی دنیا، ئەم پێشکەوتن‌و گۆڕانە گەورەیە هەر تەنیا هەڵقوڵاوی پراکتیزەکردنی فەلسەفەی مارکسیی نەبوو، بەڵکو بلیمەتی لینین توانی فەلسەفەی مارکس بگونجێنێت لەگەڵ بارودۆخی روسیای ئەو سەردەمەو کەموکورییەکانی فەلسەفەی مارکس پڕ بکاتەوە، لەم بارەیەوە لینین تەنیا هەر سەرکردەی مەزنی سۆڤیەت نەبوو، بەڵکو زانایەکی بلیمەتی ستراتیژیی باڵای دەوڵەتی سۆڤیەت بوو، بەڵام لە دوای لینین ئایدیۆلۆژیای مارکسیی بوو بە هۆی سەرکوتکردنی بیروبۆچوونی هاوڵاتیانی گەلانی سۆڤێت‌و وڵاتانی ئۆردوگای سۆشیالیستی بەگشتیی‌و بەرزکردنەوەو فراوانکردنی ئاستی ململانێی نێوان هەردوو ئۆردوگای زلهێزی جیهان‌و بەفیڕۆدانی داهاتی ئابووریی‌و مرۆیی یەکێتی سۆڤیەت‌و دەوڵەتانی پەیمانی وارشۆ لە ململانێیەکی بێ هاوتاو (لەڕووی ئابوورییەوە) بێ سوود، تاکو کار گەیشتە ئەو رادەیە کە دەوڵەتی سۆڤیەت‌و دەوڵەتانی پەیمانی وارشۆ بەگشتیی نەیانتوانی تێچوونی ئەو ململانێ زەبەلاحە پڕ بکەنەوەو بەردەوامی بە ململانێکە بدەن تاکو سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە سەرجەم جیهاندا وەکو مارکس دەڵێت.

بۆیە چەکی ململانێیان وەلاناو سیستمی سیاسیی‌و ئابووری دەوڵەتانی پەیمانی وارشۆ روخاوو پێکهاتەی دەوڵەتەکانیان هەڵوەشایەوە بەشێوەیەک زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکانی ئەو دەوڵەتانە سەربەخۆیی سیاسیی‌و نەتەوەییان وەرگرت.

لێرەدا پێویستە دەرهاویشتە سلبییەکانی پراکتیزەکردنی ئایدیۆلۆژیا تەنیا نەخەینە پاڵ خودی ئایدیۆلۆژیا، بەڵکو بڕواپێهێنەری ئایدیۆلۆژیا بەشێکی هەرەزۆری ئەو سلبیاتانە دەگرێتە ئەستۆ، چونکە ئایدیۆلۆژیا وەکو خۆی کۆمەڵێک لە بیروبۆچوونی سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییە بۆ بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵگەیە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، ئەم کۆمەڵە بۆچوونە دەرەنجامی شارستانیی فیکرو عەقڵی مرۆڤی رۆشنبیرو بلیمەتە، تا رادەیەکی باش چارەسەری ئەو کێشانە دەکات، کە خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکە بیری لێکردووەتەوە بۆ سەردەمێکی دیاریکراو نەک بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەروەها ئیماندارانی ئایدیۆلۆژیا، بە پیرۆزییەوە بەندەکانی ئایدیۆلۆژیاکەیان پراکتیزە دەکەن‌و گۆڕانکاریی لە بەندەکانی ئایدیۆلۆژیا بە لادان‌و خیانەت لە قەڵەم دەدەن‌و رۆژ لەدوای رۆژ ئایدیۆلۆژیا دەگۆڕێت لە فاکتەرێک بۆ بنیادنانی وڵات بۆ ئایینی سیاسیی دەوڵەت‌و شوێنی ئایینیش دەگرێتەوەو سەرجەم سەکردایەتی‌و کاربەدەستانی دەوڵەت بۆ لایەنگیریی خۆی رادەکێشێت‌و بەمشێوەیە دەوڵەت دەبێتە لایەن لە کێشە سیاسیی‌و ئابووریی‌و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەو لایەنەکانی دیکەی ململانێی نێو کۆمەڵگە سەرکوت دەکات‌و دەیانچەوسێنێتەوە، لە کاتێکدا کە پێویستە دەوڵەت دادوەربێت لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، نەک لایەن بێت لەو کێشانەو بەم شێوەیە دەوڵەتی خاوەن ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەچێتە پاڵ دەوڵەتە ئایینییە کۆنەکانی مێژوو.

لە قۆناغەکانی پاش رزگاریی نیشتمانیی‌و دەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی لەلایەن رۆڵەکانی نیشتمانەوە، پێویستە شەرعیەتی دیموکراسی، واتە حکومەتی گەل بێتە کایەوە، چونکە ئامانجی بەرپاکردنی شۆڕش گەیاندنی تاکەکانی گەل‌و کۆمەڵگەیە بەم قۆناغە سیاسییە، بە گەیشتن بەم قۆناغە مێژووییە شۆڕش بەردەوامبوون لە دەستدەدات‌و دەبێتە فاکتەرێکی سیاسیی بۆ زەوتکردنی ئازادیی‌و مافەکانی هاوڵاتییان

لەلایەکی دیکەوە پیرۆزیی ئایدیۆلۆژیا شەرعیەتی شۆڕشگێریی پەیڕەو دەکات‌و دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی رەوایی حوکم‌و سیاسەتی دیکتاتۆریی حیزبە کۆمۆنیستەکان‌و ئەو حیزبە نەتەوەیی‌و نیشتمانییانەی کە پەیڕەوی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی دەکەن.

هەر ئەو پیرۆزییە دەبێتە پەردەیەکی ئەستوور بۆ داپۆشینی گەندەڵیی ئیداریی‌و دارایی گەورە بەرپرسان‌و کاربەدەستانی دەوڵەت‌و کۆبوونەوەی ئەو هۆیانە دەبنە بنەمای بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتیی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەو لە پاشان هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکانی دەوڵەت.

ئەو بۆچوونانەی سەرەوە راستن لەڕووی زانستییەوە، بەڵام لایەنگرانی سیستمی سۆشیالیستی‌و حیزبە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان دەڵێن: ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیست‌و حیزبە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان گەلانی جیهانی سێیەم لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرە سەرمایەدارەکانی خۆرئاوا رزگار کردو لەم رێگە پیرۆزەدا دەیان‌و سەدان هەزار قوربانیی پێشکەشکرا، ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی ئەم گەلانە هەڵبدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیست چ رۆڵێکی کاریگەریی بینیوە لە هاندان‌و جۆشدانی جەماوەری گەلانی ژێردەستەو گەیاندنی ئەم گەلانە بە ئاستێکی هوشیاری، کە بتوانن پارێزگاریی لە ئازادی‌و مافەکانی خۆیان بکەن‌و سەربەخۆیی وڵاتانیان جاڕ بدەن‌و جۆرێک لە ژیانێکی سەرفراز بۆ گەلانیان دابین بکەن بە دابەشکردنی داهاتی وڵات بە یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان، بەرامبەر چاودێریکردنی ئازادی دەربڕینی راوبۆچوونی سیاسیی، بۆ ئەوەی ئەو ئازادییە بەکار نەیەت دژی بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌و نیشتمانی وڵات.

ئایا پاش ئەم هەموو رەنج‌و تێکۆشانە، ئێستا بۆتان دەرکەوتووە کە ئایدیۆلۆژیاو حوکمڕانیی حیزبە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان خراپن‌و زەوتکەری ئازادیی‌و مافەکانی مرۆڤن؟! لە سێبەری چ تیۆرێک درێژە بدەین بە بنیادنانەوەی وڵاتەکانمان؟ ئایا ئەم تیۆرە نوێیانە هەر ئایدیۆلۆژیای سیاسیی نین یان لە پاشەڕۆژدا نابنە ئایدیۆلۆژیاو هەمان سلبیاتیان لێ بووەشێتەوە؟ بەم شێوەیە گەلانی جیهان لە هەمان بازنەی ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکاندا ناخولێنەوە؟

هەمووکەسێک مافی خۆیەتی پارێزگاریی لە بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات‌و بەرژەوەندیی گشتیی گەل‌و نیشتمانیش زۆر پێویستە پارێزگاری لێبکرێت بە مەرجێک ئەم بەرژەوەندییە نەکرێت بە چەترێک بۆ سەرکوتکردن‌و چەوساندنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەو زەوتکردنی ئیرادەو مافەکانی هاوڵاتییان، چونکە ئامانجی سەرەکیی ئایدیۆلۆژیاو بزووتنەوەکانی ئازادیی گەلان لە خزمەتکردن‌و ئازادکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەن، نەک لە پەرستنی ئایدیۆلۆژیاو سەرکردایەتی حیزبە نیشتمانییەکان بە ئاراستەکردنی داهاتی ئابووریی‌و مرۆیی وڵات لە خزمەتکردنی ئەواندا.

شەرعیەتی شۆڕشگێریی بزووتنەوەی ئازادیی گەلان‌و ئەو پارتانەی هەستاون بە ئەرکی رزگاریی نیشتمانیی، هەر لە قۆناغی مێژوویی رزگاریی نیشتمانیی رەوایە، نەک بەردەوامبوون لەسەر کورسی دەسەڵاتی سیاسیی بەناو ئەو شەرعیەتەوە، چونکە شەرعیەتی شۆڕشگێریی لە کاتی داگیرکردنی داگیرکەران بۆ خاکی نیشتمان‌و زەوتکردنی مافی دەربڕینی بیروبۆچوون لە هاوڵاتیان، تەنیا ئەو شەرعیەتە لەو کاتەدا رەوایە.

لە قۆناغەکانی پاش رزگاریی نیشتمانیی‌و دەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی لەلایەن رۆڵەکانی نیشتمانەوە، پێویستە شەرعیەتی دیموکراسی، واتە حکومەتی گەل بێتە کایەوە، چونکە ئامانجی بەرپاکردنی شۆڕش گەیاندنی تاکەکانی گەل‌و کۆمەڵگەیە بەم قۆناغە سیاسییە، بە گەیشتن بەم قۆناغە مێژووییە شۆڕش بەردەوامبوون لە دەستدەدات‌و دەبێتە فاکتەرێکی سیاسیی بۆ زەوتکردنی ئازادیی‌و مافەکانی هاوڵاتییان.

بۆیە پێویستە رەوایی شۆڕش رەتبکرێتەوەو تاکەکانی کۆمەڵگە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن بۆ پەرلەمان، کە ئەرکی پێکهێنانی حکومەت‌و چاودێریکردنی چالاکییەکانی دەگرێتە ئەستۆ، جگە لە ئەرکی دانانی یاسای گونجاو بۆ رێکخستنی دامودەزگاکانی دەوڵەت‌و کۆمەڵگە بە گشتیی‌و لەسایەی سیستمی دیموکراسی سەرجەم پارت‌و گروپە سیاسیپەکان بۆیان هەیە بچنە نێو ململانێی هەڵبژاردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسیی لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە، لەنێو ململانێی هەڵبژاردندا پارت‌و گروپەکانی سەر گۆڕەپانی نیشتمانی بەرنامەی سیاسیی‌و ئابووری جۆراوجۆر پێشکەش بە دەنگدەران دەکەن بۆ بنیادنان‌و پێشکەوتنی وڵات‌و چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە.

لە سیستمی دیموکراسیی رەخنەی جۆراوجۆر لە بەرنامە بەگژداچووەکاندا دەگیرێت‌و هیچ بەرنامەیەکی حیزبی لە رەخنەی رەخنەگران دەرباز نابێت‌و بەپێی رەخنەگرتن‌و هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان هاوڵاتییان ئاراستەی دەنگەکانیان دەکەنە لیستەکانی هەڵبژاردن‌و هیچ حیزب‌و گروپێک ناتوانێت پیرۆزیی بداتە بەرنامەکەی لەکاتی ململانێی هەڵبژاردنەکانداو لەپاش سەرکەوتنی لیستێک یان کۆمەڵێ لیستی هاوپەیمان لە هەڵبژاردنەکان بەرنامەی سیاسیی‌و ئابووری لیستە سەرکەوتووەکان دەکەونە ژێر دیراسەت‌و لێکۆڵینەوەی لیژنە پسپۆڕەکانی پەرلەمان‌و لە پاش پشتڕاستکردنەوەی بەرنامەکان لەلایەن ئەو لیژنانەوە دەخرێنە دەنگدانی پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی بکرێن بە یاساو جێبەجێکردنەکەی ئاراستەی حکومەت دەکرێت.

بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیای سیاسیی، کە وەک بڕوایەکی سیاسیی لێهاتووەو قابیلی گۆڕین نییە، هەر کەسێک بیەوێت گۆڕانکاریی تێدا بکات بە لادەرو خائین لە قەڵەم دەدرێت.

بەرنامە سیاسییە سەرکەوتووەکان لە هەڵبژاردنداقابیلی ئەوەنین ببنە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی، چونکە ئەو بەرنامانە هەردەم لەژێر چاودێریی‌و رەخنەگرتنی نەیارانی حکومەتن لە پەرلەمان‌و دەستووری دیموکراسیی بوار نادات بە هیچ بەرنامەیەک دەربازبێت لە رەخنەگرتن‌و لێکۆڵینەوەی زانستی‌و سیاسی‌و ئابووری لیژنە پسپۆڕەکانی سەر بە پەرلەمان.

بۆیە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی جێگەی نابێتەوە لە سیستمی دیموکراسیدا، لەبەر ئەوەی لەم سیستمە هەموو بڕوایەکی سیاسیی جێگەی دەربڕینە بە شێوەیەکی ئازاد، بەڵام پراکتیزەکردنی بڕواو بۆچوونەکان لە رەخنەو دیراسەت‌و لێکۆڵینەوەی زانستی دەرباز نابن.

یاساکانی دەوڵەتی دیموکراسیی پشت ئەستوورن بە رەزامەندیی گەل‌و بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی دەوڵەمەندکراون‌و سەرجەم ئەگەرو بارودۆخی پراکتیزەکردنیان لەبەرچاوگیراوەو ئاراستەی مەودایەکی دیاریکراو کراون‌و لەژێر چاودێریی وردی پسپۆڕانی ئەو بابەتانەی یاساکان دەیانگرێتەوە بە مەبەستی راستکردنەوەو پڕکردنەوەی کەموکورییەکان کە لە پراکتیزەکردنی یاساکاندا بەدەر دەکەون بە مەبەستی چارەسەرکردنیان لە کات‌و شوێنی گونجاوی خۆیدا.













چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩